# لەساڵیادی لە دایكبوونیدا .....بارزانی باوك چی فێركردین؟



((پێیـــان وابـــوو ئێمە یەک نەتەوەین،بەڵام ئێمە دوو نەتەوە بووین لەســـەر یەک خاک، یادەوەرییەکانمان دوژمنایەتیکردنی یەکترییە،لە پرۆژەکانماندا پێکەوە نەگونجاوین، پێشتر یەکەمیان هەڵیکوتایە سەر ئەوی تریان،ئەوانــەی لــەم هەڵکوتانە ســەرکەوتووبوون، وەک ئــەوەی دوێنێ ئەوانمان ناســیبێت، نامۆبوون بە هەســت وســۆز و داب و نەریتەکانمــان، ئــەوان کەڕبــوون گوێیــان لە وشــەکانی ئێمە بۆ ئاشــتی و ئازادی رانەدەگرت،ئەمەش وەک ئەوەی لەزمانی ئاشــتی و ئازادی تێنەگەن، بۆیە لەســەر شێوازی خۆیان سووربوون بێ ئەوەی هیچ گوێیەک بە ئێمە بدەن))

ئۆگستین تییری



# پێناسەکردنەوەی نەتەوە بۆ دەرکەوتنی مانای ئاشتی لابردنی شەڕ و دانانی ئاشتی وەک توخمی سەرەکی لەنووسینەوەی مێژوودا



ئۆگستین تییری مێژوونووسی سەدەی هەژدەهەم ئەو چەند دێڕەی بۆ ئێمە وەك كورد نەنووسیوە، بەڵكو ئەو چەند دێڕەی بۆ دەرخستنی بنەمای ئەو گوتارە مێژووییەی سەدەی هەژدەهەم نووسیوە كە شەڕی كردبووە هۆكارێك بۆ شرۆڤەی پەیوەندییە سیاسیەكان، مەترسی ئەم چەمكە كە ئۆگستین هەستی پێكردبوو ئەوە بوو پەیوەندیە سیاسیەكانی نێوان نەتەوەو گەلانی جیهانی گرێدایەوە بە باڵادەستی ئەم نەتەوە بەسەر ئەوی تردا، لەمەش ترسناكتر ئەوەبوو شەڕی نەبڕاوەو بێ كۆتایی ببووە بنەمای مێژوو و باڵادەستی ببووە توخمی سەرەكی دارشتنی سیاسەت لە پەیوەندی نێوان گەلان و نەتەوەكاندا.

هەر بۆیە ئەو مێژووە سیاسیەی سەدەی هەژدەهەم لە ئەوروپا دروستیكردبوو، ئەوانەی خستبووە قۆناخێكی سەخت و دژوارەوە كە دەیانویست ئەو خیتابە مێژووییە بگۆڕن كە شەڕ دەكاتە بنەمای پەیوەندییە سیاسیەكان لەبری ئەو خیتابێكی مێژوویی تازە دروستبكەنەوە ئاشتی دەكاتە بنەما لە ململانێ سیاسیەكاندا، ئەم جێگۆركێیەی ئاشتی لەبری شەڕ وەك بنەما لە دروستكردنی خیتابی مێژووییدا دیسان كارێكی ئاسان نەبوو لەبەر ئەوەی شەڕ توخمی سەرەكی بووە لە پێناسەكردنی چەمكی نەتەوەدا، بە واتایەكی دیكە نەتەوەیەك بوونی نابێت هەتا باڵادەست نەبێت بەسەر نەتەوەیەكی دیكەداو ژێردەستەی ئەو نەبێت، هەر بۆیە ئەم جێگۆركێیەش بەئاشتی لەبری شەر، لەو خاڵەوە دەست پێناكات كە دان بە مێژوودا بنرێت یان لەو مێژووە كۆنەوە خیتابێكی تازە دروست بكرێت، نەخێر بیرمەندان و مێژووناسانی سەدەی هەژدەهەم پێماندەڵێن ئەو خیتابە تازەیەی كە ئاشتی لەبری شەڕ دەكاتە بنەما بۆ نووسینەوەی مێژوو لە خاڵێكی تازەوە سەرچاوە دەگرێت كە ئەویش ( سەرلەنوێ بونیادنانەوەی چەمكی نەتەوەیە لەسەر بنەمای سیاسیی نەك مێژوویی )، مەبەست لە دووبارە بونیادنانەوەی چەمكی نەتەوە لەسەر بنەمای سیاسیی نەك مێژووییش ئەوەیە كە پەیوەندییە سیاسییەكانی ئەمڕۆ بوونی نەتەوە دیاریدەكات نەك باڵادەستی مێژووی ئەم نەتەوە بەسەر ئەوی دیكەدا .

كەواتە دووبارە بونیادی سیاسی نەتەوەو پێناسەكردنەوەی چەمكی نەتەوە جۆرێك لە وەرچەرخانی دروستكرد، ئەم وەرچەرخانە وایكرد خیتابێكی تازە دەربكەوێت.بەڵام ئەم خیتابە لە كۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم نەیتوانی بەجارێك جێگەی خیتابی مێژووی سەدەی هەژدەهەم بگرێتەوە و ئاشتی لەبری شەڕ بكاتە توخمی سەرەكی دارشتنی سیاسەت و هەڵسوڕان و ململانێ لە كێشە سیاسیەكاندا، وینستۆن چەرچڵ لەبەشی یەكەمی كتێبی ( یادەوەریەكانی چەرچڵ و لە بابەتی نەزانیی سەركەوتووەكاندا ) نووسیویەتی،. شەڕی یەكەمی جیهان شەڕی نێوان گەلان بوو، دوای سەركەوتن ئەو دروشمە بەرزكرایەوە( شەڕ لە پێناوی كۆتاییهێنان بەشەڕ ) هەموو براوەكانی

سیاسی

گوڵان

ژمارە (٧٧٣)
٢٠١٠/٣/١٥



شەڕ لەو بڕوایەدا بوون کە ئیدی ئاشتی باڵ بەسەر جیهاندا دەکێشێت،بەڵام چەرچڵ دەڵێت ئەم هیواو خۆزگەیەی براوەکانی شەڕ، بەهۆی نەزانیانەوە نەهاتە دی، لەبەر ئەوەی ئاکامی شەڕەکە بووە هۆکاری شەڕێکی دیکەی برسیکردن و سووکایەتی کردن بە گەلی ئەڵمان، بۆیە شەڕ وەك توخمی سەرەکی مایەوە و جارێکی تر توخمی شەڕ، شەڕی دووهەمی جیهانی هەڵگیرسانەوە کە هەمان خیتابە کۆنەکەی سەدەی هەژدەهەم بوو کە شەڕی دەکردەوە بە توخمێکی سەرەکی بۆ نووسینەوەی مێژوو و بۆ پێناسەکردنەوەی چەمکی نەتەوەو بونیادی سیاسی نەتەوە.

لەم باردۆخە ئاڵۆزەی جیهاندا کە بەرەی براوەی شەڕی یەکەمی جیهانی لەلایەك و هیتلەر و نازی لەلایەکی دیکە وەك داینەمۆی شەڕی دوومی جیهانی،شەڕ توخمی سەرەکی بووە لە خیتابی هەر دوولایاندا بۆ دارشتنی سیاسەت و پەیوەندییە سیاسیەکان لە نێوان نەتەوەکانی جیهاندا .

بەڵام ئەوەی ئێمە دەخوازین لەم بۆنەیەدا بە خوێنەرانی خۆمانی بڵێین، ئەوەیە کە پێیاندەڵێین لەم بارودۆخەدا کە خیتابی سیاسیی جیهان لەسەر توخمی شەڕ بونیادنرابوو، بارزانی مستەفا خیتابێکی تازەی بەجیهان راگەیاند کە ئەویش خیتابی سیاسیی کوردستان بوو لەسەر بنەمای ئاشتی، ئەم خیتابە تازەیە کە لەشاری سلێمانیەوە بارزانی مستەفا جاڕیدا، بووە ئەوەی لە کوردستان باوکێکی رۆحی بۆ نەتەوەیەکی بن دەست لەدایکبێت کە ئەویش مستەفا بارزانی یە، هەر بۆیە رۆژی ٣١ی تەموزی ساڵی ١٩٤٣ کە بارزانی باوك بڕیاری شۆڕشی سەرتاسەری داو سلێمانی بەجێهێشت و بەرەو هەڵگیرسانی شۆڕشی دووەمی بارزان بەرێکەوت، وەرچەرخانێکە لە نێوان کۆتایی مێژوویەکی کۆن و دەستپێکی مێژوویەکی تازە، وەرچەرخانێکە لە نێوان خیتابێکی کۆن و جاڕدانی خیتابێکی تازەدا.

## بونیادی سیاسیی نەتەوەو پێناسەکردنەوەی چەمکی نەتەوە لە فیکری بارزانی مستەفادا

ئەو ئاوڕدانەوە مێژووییە خێرایەی سەدەی هەژدەهەم هەتا شەڕی جیهانی دووەم بۆ بونیادی سیاسیی نەتەوە و دووبارە پێناسەکردنەوەی نەتەوەو گرێدانەوەی ئەم مێژووە بە لە دایکبوونی بارزانی وەك باوکی رۆحی نەتەوەی کوردو گەلی کوردستان،بۆ دووبارە کردنەوەی ئەو پرسیارەیە کە ئەمریکیەکان لە خۆیانی دەکەن و دەپرسن ئایا لنکۆڵن بۆ ئێمە چی دەگەیەنێت؟ ئەوان زۆر جوان وەڵامی خۆیان داوەتەوەو دەڵێن لنکۆڵن بۆ ئەمریکیەکان میراتی ئازادیە، ئەمەش واتە ئەگەر لنکۆلن نەبوایە چەمکی ئازادی کە بنەمای بەیاننامەی راگەیاندنی سەربەخۆیی و دەستووری ئەمریکایە ئەو مانایەی نەدەبوو کە ئێستا هەیەتی، بۆیە ئەوان سەربەرزانە دەڵێن مانا و بەهاکانی ئەو ئازادیەی ئێستا لەسەر ئاستی جیهان شانازی پێوەدەکەین میراتی لنکۆڵنە

بۆمان ماوەتەوە، لەم پرسیار و وەڵامە چی فێردەبین؟ بێگومان ئەوەمان فێردەکات کە هەمان پرسیار لەخۆمان بکەینەوە، کاتێك یادی سەدو حەوتەمین ساڵیادی لە دایکبوونی بارزانی باوك دەکەینەوە، لە جێگەی خۆیەتی لە خۆمان بپرسین ئایا بارزانی باوك بۆ ئێمە چی دەگەیەنێت؟ بێگومان لێرەداجێگەی خۆیەتی بڵێین وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستی بەو باکگراوەندە مێژووییە هەبوو کە لە پێشەکی ئەم راپۆرتە ئاماژەمان پێکرد، ئەو باکگراوەندە مێژووییە پێماندەڵێت چۆن بارزانی نەمر لەو بارودۆخە سەختەدا بونیادی سیاسیی نەتەوەی کورد و گەلی کوردستانی دارشت و سەرلەنوێ پێناسەی چەمکی نەتەوەی کردەوە، ئەمەش نەك تەنها پێناسەکردنەوەی چەمکی نەتەوەی کورد یان گەلی کوردستان، بەڵکو پێناسەکردنەوەی هەموو نەتەوەیەك کە دەبێت نەتەوەکان لەبری ئەوەی پێکەوە شەڕ بکەن دەبێت پێکەوە بە ئاشتی بژین، ئەمە خیتابەی بارزانی باوك بۆ پێناسەکردنەوەی نەتەوە تەنها دروشمێك نەبوو، بەڵکو بەرنامەیەك بوو کاری پێدەکرد و هەر لەساڵی **١٩٤٣** لە نامەیەکیدا بۆ عەبدولرەحمان عەزام پاشا نارد و راشکاوانە ئەوەی پێراگەیاند کە نەتەوەی کورد دژی نەتەوەی عەرەب نیە، شەڕی کورد لەگەڵ نەتەوەی عەرەب نیەو نەتەوەی کورد،نەتەوەی عەرەب بە دوژمنی خۆی نازانێت، بەڵکو دەستی برایەتی بۆ درێژ دەکات،خیتابی بارزانی باوك وەڵامی ئەو هەموو ئەو پرسیارانەی تێدابوو کە پێشتر چەمکی نەتەوەی بێ ماناکردبوو، ئەمەش واتە ئەو پرسیارانەی ئەمانوئیل جۆزیف سیەیس بۆ پێناسەکردنەوەی نەتەوە ئاراستەی فەرەنسیەکانی کرد و بووە بنەما بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشی فەرەنسا، جارێکی دیکە بارزانی باوك، نەتەوەو گەلی کوردستانی رووبەڕووی هەمان پرسیار کردەوەو پرسیارەکان ئەمانە بوون:

**١- نەتەوە چیە؟ سیەیس دەڵێت: هەموو شتێکە.**

**٢- ئەی تا ئێستا چی بووە؟ سیەیس**



**خیتابی بارزانی باوك وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی تێدابوو کە پێشتر چەمکی نەتەوە بێ ماناکرابوو**

دەڵێت: هیچ نەبووە.
٣- ئەی داواکاری نەتەوە چیە؟سیەیس دەڵێت: دەیەوێت وەك نەتەوە بوونی هەبێت.

بۆ ئەوەی نەتەوە وەك نەتەوە بوونی هەبێت سیەیس دوومەرجی گرنگی دانەوە:

یەکەم : بوونی نەتەوە وەك رووکار لەم حاڵەتەدا دەبێت نەتەوە خاوەنی یاسایەکی هاوبەش و یاسادانەری یەکگرتوو بێت،واتە کە یاسا دادەنرێت دەبێت هەموو هاودەنگ و هاوڕابین، بەڵام دەبێت یاساکە هاوبەش بێت و دەربڕی ئیرادەی هەموو لایەك بێت.

دووەم : بوونی نەتەوە وەك گەوهەر، لەم حاڵەتەدا دەبێت نەتەوە بەرهەم هێن بێت و



ناوچەکان و پێکهاتەکانی کوردستان لەو سەرکردایەتیەدا رەنگبداتەوە.

٣- بۆ ئەوەی ئەو یەکریزییەی نێو ماڵی کوردستان پارێزراو بێت، دەبێت قوربانی بەدەستکەوتی لابەلاو شەخسی بدرێت و بەهەر نرخێك بێت ئەو یەکریزییە بپارێزرێت، ئەگەر لەبەر هەر هۆکارێك بۆ ماوەیەکی کاتی ئەو یەکریزییە درزی تێکەوت، دوای ئەوەی لایەنی بەرامبەر هەست بەمەترسی ئەو لێکترازانە دەکات، دەبێت شۆرش دەرگای بۆ بکاتەوەو لاپەڕەکانی رابردوو هەڵنەدرێتەوە.

٤- لایەنێکی دیکەی گرنگ لە بونیادی سیاسی هەیکەلی نەتەوە لە فیکری بارزانیدا، ئەوەبوو کە نابێت بونیادی سیاسی هەیکەلی نەتەوە لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیەتێکدا لەقاڵب بدرێت، بۆیە هەموو کات بارزانی هەوڵی بۆ ئەوەبوو، پارێزگاری فرەیی بیروبۆچوونی سیاسیی،فرەیی نەتەوەیی، فرەیی ئایینی لە کوردستان بکات، بارزانی یەکەم کەس بووە لە مێژووی نوێدا کە فرەیی سیاسیی بە خاڵی بەهێزی شۆرش و فرەیی نەتەوەو ئایینەکانی بە خاڵی بەهێزی کوردستان داناوە، ئەو تایبەتمەندییەی کە بارزانی باوك لەهەموو سەرکردەکانی جیهان لە دوای شەری دووەمی جیهانیەوە تا ئێستاش جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە هەرگیز بارزانی نەمر شیوعیەتی بە دوژمنی دیموکراتی نەزانیوە، گیرهارد شرۆیدەری راوێژکاری ئەڵمانیا و تۆنی بلێری سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، لە ناوەراستی نەوەدەکان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە دەکرێت رێگەی سێیەم لە نێوان فەلسەفەی سۆشیالیستی و فەلسەفەی سەرمایەداری بۆ بونیادی دیموکراتی بدۆزرێتەوە، دیموکراسیەت بەتەنها بریتی نەبێت لە ئازادی و یەکسانی لەبەردەمی یاساو بریتی نەبێت لە ئابوری بازاڕ و ململانێی بازاڕ، بەڵکو دەکرێت وێڕای هەموو ئەم لایەنە ئیجابیانەی لیبرال دیموکراتی سوود لە عەدالەتی کۆمەڵایەتی فەلسەفەی سۆشیالیزم وەربگیرێت، بارزانی نەمر لە شەستەکانی سەدەی رابردوو لە ناو یەك شۆڕشدا، بیری چەپی کۆمۆنیزم و بیری نەتەوەخوازی کاژیك و هەموو زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانی کۆکردبۆوە، راستە لەنێوان هەموو بیروبۆچوونەکاندا جیاوازی هەبوو، بەڵام جیاوازییەکان خاڵی بەهێزی شۆرشی ئەیللول بوون.

٥- بارزانی باوك بەجیهانی راگەیاند بنەمای چارەسەرکردنی کێشەی کورد و گەلی کوردستان لەهەموو رۆژهەڵاتی ناوەراستدا ئاشتییە نەك شەڕ، بۆیە کاتێك پەنا بۆ شۆرش و خەباتی چەکداری دەبەین دەمانەوێت توخمی سەرەکی خیتابی بەرامبەر کە شەرە بگۆڕین بۆ ئاشتی .

٦- خیتابی سیاسیی بارزانی رایگەیاند لەعێراقدا نەتەوەی باڵادەست و نەتەوەی ژێر دەست نیە، نەتەوەی براوە و نەتەوەی دۆڕاو نیە، عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەو فرە ئایینە، ئەم فرەییە خاڵی بەهێزی دەوڵەتی عێراقە نەك خاڵی لاوازی نەتەوەی عەرەب لە عێراقدا.

٧- پاراستنی یەکپارچەیی عێراق و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەی نەتەوەی کورد و عەرەب لە عێراقدا، پەیوەستە بە داناپێدانانی هەردوو نەتەوە بەبوونی نەتەوەیی یەکتریی و رێزگرتنی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی یەکتری، بارزانی باوك پێش ئەوەی ئەمە وەك داوای نەتەوەی کورد بەرزبکاتەوە، بەسەر نەتەوەکەی خۆی فەرزی کردووە، کە دەبێت پێناسەی چەمکی نەتەوە لەسەر بنەمای بوونی نەتەوە وەك نەتەوە بکرێت و دەبێت دان بەو بوونەشدا بنرێت،هەر بۆیە پێش ئەوەی شۆرشی دووەمی بارزان لەگەڵ حکومەتی عێراق کەوتبێتەوە وتوویژەوە بارزانی نەمر دانی بە نەتەوەی عەرەب ناوە وەك نەتەوەیەکی خاوەن مێژوو شارستانیەت و دەستی برایەتیشی بۆ درێژ کردوون.

٨- بۆ ئەوەی لە عێراقدا ئەم دوو نەتەوەیە وەك دوو نەتەوەی سەرەکی، دەوڵەتی عێراق بەڕێوەببەن، بارزانی نەمر لەیەکەم پرۆژەیدا بۆ چەسپاندنی ئاشتی لە عێراقدا داوای یاسای هاوبەش و یاسادانانی یەکگرتووی کردووە، ئەمەش واتە یاساکانی عێراق هەم دەربری ئیرادەی عەرەب بێت و هەم دەربری ئیرادەی کوردیش بێت،ئەم پرۆژەیەی بارزانی نەمر پرۆژەیەکی تاکتیکی نەبووە بۆ قۆناخێکی تایبەتی شۆڕش، بەڵکو پرۆژەیەکی ستراتیژی بووە

**کاتێک فەرەنسیەکان شانازی بە شۆڕشی فەرەنساوە دەکەن تەنها وەک شۆڕشێک بۆ وڵاتی فەرەنسا سەیری ناکەن، بەڵکو وەک شۆڕشێک کە وەرچەرخانێکی لە هزری مرۆڤایەتی دروستکردو کۆتایی بەو چەمک و بونیادە سیاسیە کۆنەی مانای نەتەوە هێنا**



**کاتێک هەمان پرسیار دووبارە دەکەینەوە بارزانی باوک بۆ ئێمە مانای چیە؟ دەڵێین مانای بونیادی سیاسی نەتەوەو پێناسەی چەمکی نەتەوەیە**

بۆ ئاییندەی پێکەوەژیانی کورد و عەرەب لە چوارچیوەی عێراقدا، هەربۆیە لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز لە عێراقدا و داڕشتنی دەستووری کاتی عێراق و دانپێدانانی مادە ٣ی ئەو دەستورە بەوەی ( عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە) بارزانی نەمر خۆی بە پارێزەری ئەو دەستوورە زانیوە، ئەگەر ئەو دەستوورە جێبەجێبکرایە، لەوانەبوو هیچ پاساوێك بۆ هەڵگیرسانی شۆرشی مەزنی ئەیلول لە ئارادا نەدەبوو،ئەگەر ئەو دەستوورە جێبەجێ بکرایە، هەنگاوی یەکەمی بوونی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب وەك دوو نەتەوەی سەرەکی لە عێراقدا،دەبوونە هێما بۆبوونی ناسنامەیەکی هاوبەشی عێراقیبوون لە عێراقدا، ئەمە دەبووە هەنگاو هەڵگرتن بۆ قۆناخی دووەم کە بەدیارخستن گەوهەری هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەبە بۆ خستنەگەری تواناکانیان بۆ سوود وەرگرتن لەو ئیمکانیەتە گەورەیەی عێراق وەك دەوڵەت هەیەتی و هەروەها توانای هەردوولاش لە دامەزراوەکانی عێراقدا رەنگیدەدایەوە،بۆیە کاتێك ئاماژە بەوە دەکەین کە ئاشتی لە پرۆژە و بەرنامەی بارزانی باوکدا لە بونیادی سیاسیی نەتەوە و پێناسەی چەمکی نەتەوەدا دەبێتە شتێکی مومکین و توخمی سەرەکی بۆ نووسینەوەی مێژووی تازە لە عێراقدا، ئەمە بەو مانایە دەڵێین هەتا بونیادی سیاسیی نەتەوە سەرلەنوێ بەپێی بەرنامەی بارزانی باوك دانەڕێژرێتەوە و سەرلەنوێ لەبەر رۆشنایی فیکری بارزانی پێناسەی چەمکی نەتەوە نەکەینەوە، ئەوا جیهان پێشوازی لە بەرنامە و بۆچوونەکانمان ناکات و، بیربۆچوونەکانمان ئەو بازنە بچووکە ناسیۆنالیستیە تێناپەرێنێت کە جیهان لێی تێبگات.

ئەم چەند خاڵەی لێرەدا ئاماژەمان پێکرد، ئەو خاڵانە بوون کەسەرلەنوێ بونیادی هەیکەلی سیاسیی نەتەوەی کورد و گەلی کوردستانی دارشتنەوە و مانای چەمکی نەتەوەی لەناو ئاشتیدا دۆزیەوە، بۆیە کاتێك ئەم مێژووە تازەیەی بارزانی باوك هەڵدەسەنگێنینەوە، دەبینین وەرچەرخانێکە پێشتر ئەو مێژووە بەو جۆرە نووسینەوە بوونی نەبووە، راستە توخمی سەرەکی نووسینەوەی مێژووی کورد و کوردستان چەوسانەوەو ئیرادەی راپەریو بووە دژ بەو چەوسانەوەیە و ئامانج بۆ لابردنی ئەو چەوسانەوەیە و ئیرادەی راپەریوو بۆ ئاشتی بووە، بەڵام سەیر دەکەین بونیادی سیاسیی هەیکەلی نەتەوە ناوچەگەریی بووە، راستە ئاماژە بۆ هەموو کورد وەك نەتەوە کراوە بەڵام هەموو پێکهاتەکانی نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان لە شۆڕشەکاندا بەشدار نەبوون، راستە ئیرادە لە نووسینەوەی مێژووی کوردا توخمی سەرەکی بووە، بەڵام ئیرادەیەکی یەکگرتوو نەبووە، راستە ئامانجی ئاشتیش توخمێکی دیکەی مێژووی ئاشتیخوازانەی کورد بووە، بەڵام مەفهومی هێنانەدی ئاشتی مەفهومێکی سەرتاسەری نەبووە، یان سەرتاپاگیر کوردستانی نەبووە، ئەم



**ئەگەر فیکری لنکۆڵن لە پێناسەی ئازادی بەیاننامەی سەربەخۆیی و دەستووری ئەمریکا دەربێنن، دەبینین نە بەیاننامەی سەربەخۆیی و نەدەستووری ئەمریکا هیچ بەهایەکی نیە**

وەرچەرخانە کە لەگەڵ یەکەم بڵێسەی شۆڕشی دووەمی بارزان دەستپێدەکات ولە شۆرشی ئەیلولی مەزندا دەبێتە پرۆژەی ستراتیژیی ئاییندەی هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکانی ناو شۆڕشی کوردستان و ئێستا هەمان بەرنامەیە لە خەباتی سیاسیی و پەرلەمانی عێراقدا، زنجیرەیەکی پێکەوە گرێدراوە و هەموومان ئەو مێژووەی ئایندە بەوجۆرە دەنووسینەوە کە بارزانی باوك بونیادی سیاسیی هەیکەلی نەتەوەو پێناسەی چەمکی نەتەوەی لەسەر دارشتەوە، کەواتە ئەو زنجیرە پێکەوە گرێدراوەی کە هەتا ئێستا تەواوی بیروبۆچوونە جیاوازەکانی کوردستان لەچوارچێوەی خەباتی سیاسیی و چەکداریان بۆ ناساندنی بونیادی هەیکەلی سیاسیی نەتەوە خەباتی بۆ دەکەن، ئەو خیتابە تازەیە بوو کە یەکەمجار بارزانی باوك لە خیتابی مێژوویی کوردستاندا دروستیکردو جومگە لەیەکترازاو و پەرت و بڵاوەکانی لەجەستەی سیاسی نەتەوەدا کۆکردەوە و سەرلەنوێ جومگە بەندی لە نێوان جومگەکانی جەستەی نەتەوەدا دروستکردەوە، وایکرد بەرامبەر نەك هەر ئێستا بەڵکو لە قۆناخە جیاوازەکانی شۆڕشی کوردستاندا لەسەر بنەمای ئەو خیتابە تازەیە لەگەڵ شۆڕشی کوردستان وتوێژو دانوستاندن بکەن، ئەوەی خاڵی گەوهەریە لەو خیتابە تازەیەی بارزانی باوك لە نووسینەوەی مێژوو هێنایە ئاراوە، ئەوەیە هەموو نەتەوەکان لەو خیتابەدا براوەن، تەنها ئەو رژێم و بۆچوونانە دۆڕاو دەردەچن، کە خیتابی سیاسی و مێژوویی خۆیان لەسەر بنەمای شەڕ و باڵادەستی نەتەوەیەك بەسەر نەتەوەیەکی دیکە دارشتووە، کەواتە ئەمە ئەو راستیە مێژوویانەمان جارێکی دیکە بەڵام بەمانای سەردەم و لە قۆناخێکی تازەدا لەسەر بنەمای هەمان ریتم و میتۆد بە مانای جیاواز پیشاندەداتەوە و دەبێتە وانەیەك توخمە شاراوەکانی رابردووی پێ بدۆزینەوە و کلیلێك دەرگا داخراوەکانی پێ بکەینەوە، کەواتە کاتێك شۆڕشی کورستان لەگەڵ رژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراق دەکەوێتە وتوێژ و لەماوەی وتوێژی نێوان شۆڕش و حکومەتەکانی عێراقدا رای گشتی عەرەبی عێراق بە لۆژیکی ئەو خیتابە تازەیە ئاشنا دەبوو کە بارزانی باوك لە خیتابی سیاسیی و مێژووی کوردستاندا دروستیکردووە، حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراق زۆر بەخێرایی وتوێژو دانوستاندنەکەیان دەگەیاندە بنبەست و رێگەیان نەدەدا ئەو خیتابە تازەیە ببێتە چینێکی تازە لە ناو خیتابی سیاسی میللی عەرەبی عێراقدا و درز بخاتە ناو ئەو خیتابە سیاسیەی کە رژێمەکانی عێراق لەسەر بنەمای شەڕ دایانڕشتبوو. کەواتە کاتێك هەمان پرسیار دووبارە دەکەینەوە بارزانی باوك بۆ ئێمە مانای چیە؟ دەڵێین مانای بونیادی سیاسی نەتەوەو پیناسەی چەمکی نەتەوەیە، بەڵام گرنگە هەموومان بەجیاوازی

بیروبۆچوونە سیاسیەکانمانەوە، بەجیاوازی نەتەوە و ئایینمانەوە لەو راستیە تێبگەین، بەبێ پاریزگاریکردن بەو دووچەمکەی کە بارزانی باوك لە خیتابی تازەی سیاسی و مێژووییماندا دروستیکردووە، ئێمە وەك نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان لە هیچ هاوکێشەیەکی سیاسی ناوخۆیی، عێراقی، ئیقلیمی، جیهانی، نە دەبینە ئەو توخمەی مامەڵەمان لەگەڵ بکەن و نەدەشبینە ئەو ژمارەیە لە هاوکێشەکاندا بە قەوارەی خۆمان بخوێنرێینەوە،هەروەك چۆن ئەگەر فیکری لنکۆڵن لە پێناسەی ئازادی بەیاننامەی سەربەخۆیی و دەستووری ئەمریکا دەربێنن، دەبینین نە بەیاننامەی سەربەخۆیی و نەدەستووری ئەمریکا هیچ بەهایەکی نیە، ئەمریکیەکان لەسەروو هەموویانەوە باراك ئۆباما هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە گەر بۆ ئەوەی ئەمریکیەکان بەوە بگەیەنێتە قەناعەت، کە ئاییندەی شکۆی ئەمریکا لەپارستنی فیکری لنکۆڵندایە کە جارێکی دیکە پێناسەی ئازادی لە خیتابی مێژوویی ئەمریکادا کردەوە، بۆ ئێمەش زۆر گرنگە هەست بەو بەرپرسیایەتیە بکەین، کە درێژە بەو خیتابە تازەیە بدەین کە ئاشتی ببێتە بنەمای نووسینەوەی مێژوو نەك هەر بۆ کوردستان بەڵکو بۆ سەرتاسەری ناوچەکە، هەروەك چۆن تەنها لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا هەرێمی کوردستان توانی ئاشتی بکاتە بونیادی خیتابی تازەی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان، دەبینین بێجگە لەوانەی کە توخمی سەرەکی لەبونیادی خیتابی سیاسیاندا شەڕە، کەسی دیکە زیانی لێنەکەتووە و نەك هەرکورد بەڵکو دەوڵەتی تورکیاش قازانجی کردووە، بۆیە دەبێت لەم رۆژەدا گرنگە هەڵوەستەی سەرەکیمان لەسەر ئەوە بێت چۆن ئاشتی هەموو کات توخمی سەرەکی خیتابی سیاسیی و مێژوویی ئاییندەمان بێت؟ بیگومان بە پابەندبوون بەو فیکرەی بارزانی باوك لە ناو خیتابی سیاسیی کوردستاندا دروستی کرد.

## چۆن سوود لە فیکری بارزانی وەربگرین بۆ خیتابی سیاسیی و مێژوویی ئاییندەمان؟

کە لە ١١ی سیپتەمبەری ٢٠٠١ و دوای تەقینەوەکانی سەنتەری بازرگانی جیهانی ئەمریکا شەڕی دژە تیرۆری لە جیهان راگەیاند و بە ئاشکرا بەجیهانی وت ئەوەی لە هاوپەیمانی شەڕی دژە تیرۆری جیهانیدا نەبێت بە دوژمنی خۆمانی دەزانین، تەنها نەتەوە کە پێویستی بەوە نەبوو پابەندبوونی خۆی بە هاوپەیمانی شەڕی دژە تیرۆر لە جیهاندا رابگەیەنێت، نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان بوون، سەرۆك مسعود بارزانی لە راگەیاندنی هەڵوێستی کوردستان بەرامبەر بەو کارەساتە راشکاوانە بە جیهانی راگەیاند، ئێستا جیهان هاوپەیمانی جیهانی دژی دیاردەی تیرۆر رادەگەیەنێت، بەڵام بارزانی نەمر ٤٠ ساڵ بەر لەو بەروارە واتە لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ و لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول دژایەتی خۆی بۆ تیرۆر و کاری تیرۆریستی پیشانداوەو تەنانەت بۆ کاردانەوەش پەنای بۆ کاری تیرۆر و کوشتنی خەڵکی بێ گوناه و مەدەنی نەبردووە.

ئەم لایەنە کە لایەنێکی دیکەی ئاکاری شۆڕش و شۆڕشکردنە لە فیکری بارزانیدا، بۆخۆی لایەنێکە کە نەك راپۆرتێك بەڵکو دیراسەتێکی ئەکادیمی تێرو تەسەلی دەوێت،بەڵام ئەم ئاماژە کورتە بۆ ئەم لایەنە لەم راپۆرتەدا بۆ ئەو مەبەستەیە کە خاڵێکی شاراوەی دیکە لەم لایەنە وەربگرین و لە ئاراستەکردنی سیاسەتی ئاییندەماندا سوودی لێوەربگرین، ئەو لایەنە گرنگەش کە پێویستمانە ئەوەیە کە بارزانی باوك فێرمان دەکات ساسەتکردن و بونیادی خیتابی سیاسیی سەردەمیانە بۆ بونیادی سیاسیی نەتەوە و پێناسەکردنەوەی نەتەوە، لەسەر بنەمای کاردانەوە دروست نابێت، بەڵکو پێویستە بەرنامەیەکی ستراتیژیمان هەبێت و دیدێکی سەردەمیانەمان هەبێت بۆ دۆزینەوەی خۆمان لەناو هاوکێشە سیاسیەکاندا،دوای ئەوەشی کە لەناو هاوکێشە سیاسیەکاندا پێگەی خۆمان دەدۆزینەوە، بارزانی باوك پێمان دەڵێت، ئەرکی ئێوە تەنها دوو مەسەلەی گرنگە:

١- پارێزگاریکردن بەو بەرنامە ستراتیژیەی بۆ بونیادی سیاسیی نەتەوەو و پێناسەی نەتەوە داتانرشتووە و لە هاوکێشە سیاسیەکاندا مامەڵەی لەگەڵ بەرامبەر پێدەکەن،ئەمەش لەبەر ئەوەی پارێزگاریکرن بەو بەرنامە ستراتیژییە و بەردەوامی ئەو بەرنامە ستراتیژیە لە ناو خیتابی سیاسیی عێراقیدا، چێنێکی تازە لەناو خیتابی سیاسیی عێراقدا دروستدەکات کە هەم کورد وعەرەب و هەموو نەتەوەکانی دیکش پێویستیان بەو بەرنامەیەیە، ئەمەش بەو مانایەی بەرنامەی ستراتیژی کوردستان بۆ بونیادی سیاسیی نەتەوە لەسەر ئەو بنەمایە بونیادی سیاسی خۆی بونیاد نانێت و بەوجۆرە نەتەوە پێناسە ناکات، کە کورد لەسەر حسابی عەرەب و عەرەب لەسەر حسابی کورد، یان لە ناو کوردستاندا کورد لەسەر حسابی تورکمان و تورکمان لەسەر حسابی کلدوئاشور ناسنامەی خۆی بدۆزێتەوە،نەخێر ئەو نەتەوانە هەموویان خۆیان ناسنامەی خۆیان هەیە و خیتابی کۆنی رژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراق راستی ئەو ناسنامانەی شاردۆتەوە، بۆیە گرنگە خیتابی سیاسیی کوردستان پێش هەموان ناسنامەی نەتەوەی عەرەب بدۆزێتەوە و پێیانبڵێت، ئێوە لەبەر ئەوە نەتەوەنین کە دەتوانن نەتەوەکانی دیکە بچەوسێننەوە، بەڵکو نەتەوەن لەبەر ئەوەی خاوەنی شارستانیەت و خاڵە بەهێزەکانی پێکهاتەی نەتەوەن، هەر بۆیە کاتێك خیتابی سیاسیی خۆتان بۆ بونیادی سیاسی نەتەوەیی خۆتان لەو بازنە شارستانیە دەردێنن و گرێدەنەوە بەوەی بوونی نەتەوەی عەرەب لەو کاتە دەردەکەوێت کە ئینکاری مافەکانی کورد و عێراقیەکانی دیکە بکات، ئەوا ئێوە خۆتان غەدر لە مێژوو و شارستانیەتی خۆتان دەکەن و پێگەی خۆتان لە ناو مێژوو و شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا بچووکدەکەنەوە، کەواتە پارێزگاریکردن بەم خیتابە سیاسیەی بارزانی کە دەبێت بەرنامەی ستراتیژی ئاییندەمان بێت بۆ بونیادی ئاییندەمان،خیتابی کوردستانی لە عێراقدا دەباتە ئەو ئاستەی لەسەر ئاستی جیهانی پشتیوانی لێبکرێت.

٢- بارزانی باوك پێماندەڵێت، هەرکاتێك دەستبەرداری ئەو بەرنامە ستراتیژییە بووین و بەرنامەیەکی دیکەمان لەسەر بنەمای کاردانەوەی رەفتارەکانی بەرامبەر دارشتەوە، دەبێت هەر ئەو کاتە بزانین کە

**تەنها لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا هەرێمی کوردستان توانی ئاشتی بکاتە بونیادی خیتابی تازەی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان**



پێگەی ئێمە لەناو هاوکێشە سیاسیەکەدا بەرەو پووکانەوە دەچێت و بەدەستی خۆمان ئەو چینە تازەیە دەرووخێنین کە لەناو خیتابی سیاسیی عێراقدا دروستمانکردووەو ئومێدی ئەوەمان پێیەتی نەتەوەی عەرەب لە عێراقدا وەك خۆی تێبیگات، بۆیە ئەو وانەیەی لە دژایەتی تیرۆری بارزانی باوك تێدەگەین ئەوەیە ( نابێت هیچ بەرنامەیەك لەسەر بنەمای کاردانەوە دابڕێژرێت) هەر بۆ نموونە ئێستا ئەسیل نجێفی پارێزگاری موسڵ لە بیرێکی شۆفینزمەوە راشکاوانە دەڵێت ( کورد لە موسڵ بوونی نیە) باشە ئەگەر لەسەر ئەم بیرە بۆگەنە ئێمەش وەك کورد هەڵوێست وەرگرین و بڵێین لە مەخمور یان کەرکوك عەرەب نیە، ئایا ئەم کاردانەوەیە خیتابی سیاسیی ئێمەش لەگەڵ خیتابی سیاسیی شۆفینزمانەی ئەسیل نجێفی و هاوشێوەکانی لە بازنەیەکدا کۆناکاتەوە.

ئەمەیە کە لەبارزانی باوك فێری دەبین، کە سیاسەتکردن و خیتابی سیاسیی سەردەم لەسەر بنەمای کاردانەوە دروست نابێت، تەنانەت بارزانی باوك ئەگەر کاری تیرۆریستی بەرامبەر خۆیشی ئەنجامدرابێت وەك ئەو کارە تیرۆریستیەی لە ساڵی ١٩٧١ بەمەبەستی تیرۆرکردنی خودی بارزانی باوك ئەنجامدرا، بەڵام بارزانی کاردانەوەی نەبوو، ئەو پێی وابوو ئەگەر شەڕ بکرێت لەسەر کەرکوك دەکرێت، نەك لەسەر تاکە کەسێك، با ئەو کەسەش بارزانی مستەفای باوکیش بێت.

ئەم پەندەی لە بارزانی باوك فێری بووین، لەسەر ئاستی تیۆری هەمووی وشەی جوانن، بەڵام لە پراکتیکدا هەریەکەیان کێوێکی ئیرادەی دەوێت بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێن،بۆیە لەبەر ئەوەی ئاییندەمان بەبێ ئەو بەرنامەیەی بارزانی باوك هیچ مانایەکی نابێت، بۆیە ڕێگەی دیکەمان لەبەردەمدا نیە کە هەموو پێکەوە دەست لەناو دەست بکەین و ئەو کێوی ئیرادە دروستبکەین کە بەرنامەکەی بارزانی باوکی پێ جێبەجێدەکرێت.

# سیاسەتی حکومڕانی لە هەڵسووڕاندنی سیستەمی دەردەک




حکومەت کە ئەرکی ڕۆژانەی خۆیەتی بەپێی ئەو بودجەیەی لەبەر دەستیەتی خزمەتگوزاری شایستە پێشکەشی هاوڵاتیانی خۆی بکات، ئەم ئەرکە نابێتە خەڵاتی دەسەڵات بۆ هاوڵاتیان، بۆ ئەوەی ئەرک نەگۆڕێت بۆ خەڵات باشترە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە مەدەنیەکان دەسەڵاتێکی سەربەخۆ بێت و وەک ئەرکێک سەیر بکرێت نەک وەک خەڵات و پروپاگەندەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن

# باش و خراپ
# دەوڵەتی دامەزراوەدا
# ـــەوێت

حکومەت بۆ شاردنەوەی شکستەکانی خۆی دوژمنی وەهمی نیشتمانی دروست نەکات و بۆ ئەو وەهمە سوپایەکی بەهێز پێکەوە نەنێت پاشتر کورسی دەسەڵاتەکەی خۆی پێبپارێزێت، لە زۆربەی دەوڵەتانی دیموکراتی رۆژئاوادا، مافی بەکارهێنانی سوپا بۆ شەڕ یان بەکارهێنانی سوپا بۆ کێشە ناوخۆییەکان، لە دەسەڵاتی حکومەت سەنراوەتەوە و دراوەتەوە بە سەرۆکی وڵات یان بە پادشا ئەگەر سیستەمەکە پادشایەتی بێت



ئیشكالیەتی حكومەت و حكومڕانیی بەشـێكی گرنـگ و فراوانـی لە سیاسەتی هاوچەرخدا دروستكردووە، بەڵام ئەو ئیشكالیەتەی لە سەر ئاستی سیاسـەتی جیهانی لە نێوان هەر دوو چەمكـی حكومـەت و حكومڕانی هەیە جیاوازە لەو ئیشـكالیەتەی لە نێـوان هەمان دوو چەمك لە وڵاتانی هاوشـێوەی ئێمە یان لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو هەستی پێدەكرێت.

لە جیهانی لیبرال دیموكراتیدا كاتێك باسـی حكومڕانی لەناو سیستەمی لیبرال دیموكراتیدا دەكرێت، ڕاشكاوانە دەڵێن سیسـتەمی حكومڕانی لیبرال دیموكراتی حكومڕانیەكی باش نیە، بەڵام تا ئێستا لەمە باشتر نیە، بۆیە وەك كارل پۆپـەر لـە كتێبی (بەرەو جیهانێكی باشتر) ئاماژەی پێكردووە و دەڵێت : ئەو سیسـتەمەی ئێسـتا لـە ئەورووپای ڕۆژئـاوا حكومڕانی پێدەكرێت سیستەمێكی باش نیە، بەڵام هەتا ئێستا مرۆڤایەتی لەم سیستەمە باشتری پێشـكەش نەكردووە) كەواتە ئیشـكالیەتی نێـوان حكومـەت و حكومڕانی لە ڕۆژئـاوا یان فراوانتر بڵێین لەسیستەمی لیبرال دیموكراتیدا چەند خاڵێكە:

١- حكومـەت و حكومڕانـی یەك وشـە و یەك مانا نیـن، حكومەت تەنها دامەزراوەیەكە لەناو سیستەمی حكومڕانیـدا، ئەمەش بـەو مانایە دێت، كە لە حكومڕانی سیسـتەمی دیموكراتیدا پرۆسـەی دابەشكردنی دەسەڵاتەكان هەیە، ڕاستە هەتا ئێستا شـێوازی باو بۆ دابەشـكردنی ئەو دەسەڵاتانە دابەشكردنێكی سێ لایەنە بۆ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێكردن و دادوەری، هەرسێك پێكەوە هەرەمی حكومڕانی ئەو سیستەمە پێكدەهێنن، بەڵام پرۆسەی پیادەكردنی حكومڕانی باش ئەم دابەشـكردنە سـێ لایەنیە وەك شتـێكی ڕەها سـەیر ناكات و بـە دوایـین ڕێگـەی نازانێت بۆ زیاتر دابەشـكردنەوەی دەسـەڵات و ڕێگرتن لە دەسـەڵاتی جێبەجێكردن كـە هەندێك دەسـەڵاتی گرنگ بۆ دەسكەوتی سیاسیی ئەو حزبە سیاسیە بەكاربهێنرێت كە لەماوەی قۆناخێكی گرتنە دەستی حكومەتدا دەبێتە بەشێك لە پرۆسەی سیستەمی حكومڕانی، بۆیە لەبری ئەوەی دەسەڵاتەكان سێ لایەنە بۆ (یاسـادانان و جێبەجێكردن و دادوەری) دابەشـبكەن، ئێسـتا كۆمەڵێك توێژینەوە لەسـەر ئاستی ئاژانسـی نەتەوە یەكگرتـووەكان بۆ پەرەپێـدان و دیموكراتی داوای ئەوە دەكەن جارێكی دیكە دەسـەڵاتەكانی دەسەڵاتی جێبەجێكردن (حكومەت) دابەش بكرێتەوە و هـەر دوو بواری پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری و سوپا بكرێنە دوو دەسـەڵاتی سەربەخۆی دیكـە، ئەمـەش واتـە پرۆسـەی دابەشكردنەوەی دەسـەڵاتەكان پێنج لایـەن بگرێتەوە كـە بریتی دەبن لە (یاسـادانان، دادوەری، جێبەجێكردن، خزمەتگوزاریە مەدەنیەكان، سـوپا) ئەم دابەشكردنە تازەیە ئەگەر بكەوێتە واری جێبەجێكردن و ببێتە شـێوازێك بۆ دابەشكردنەوەی دەسەڵاتەكان لەناو سیسـتەمی دیموكراتیـدا، دەبینین حكومـەت ناتوانێت دوو دەسـەڵاتی گرنگ بۆ مەكسـەبی سیاسیی ئەو لایەنە سیاسیە بەكار بهێنێت كە میللەت متمانەی پێداوە ئەو دوو بوارە گرنگەش بریتین لە دەسـەڵاتەكان بۆ پێشكەش كردنی خزمەتگوزاریـە مەدەنیەكان، هەروەها دەسـەڵاتەكان بۆ سوپا وەك پارێزەری نیشتمان، جیاكردنەوەی ئەم دوو دەسەڵاتە لە حكومەت و دانانیان وەك دوو دەسەڵاتی دیكە، سیستەمی حكومڕانی لە هەندێك ئەشـكالیەت دەپارێزێت :

أ- حكومەت كە ئەركـی ڕۆژانەی خۆیەتی بەپێی ئەو بودجەیەی لەبەر دەسـتیەتی خزمەتگوزاری شایستە پێشكەشی هاوڵاتیانی خۆی بكات، ئەم ئەركە نابێتە خەڵاتی دەسەڵات بۆ هاوڵاتیان، بۆ ئەوەی ئەرك نەگۆڕێت بۆ خەڵات باشـترە پێشكەشـكردنی خزمەتگوزاریـە مەدەنیـەكان دەسـەڵاتێكی سـەربەخۆ بێت و وەك ئەركێك سەیر بكرێت نەك وەك خەڵات و پروپاگەندەی هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن، ئەمە بـۆ دەسـەڵاتەكانی دیكەش هەروایـە، هەر بۆنموونە پاراسـتنی سەروەریی یاسـا ئەركی دەسەڵاتی دادوەرییە، ئەگەر ئەم ئەركە بگۆڕێت بۆ خـەڵات و دەسـەڵاتی دادوەری خـۆی بەو جـۆرە بەسـەر میللەت فەرز بكات كە سـەروەریی یاسـای پاراستووە، بێگومان ئەگەر دەسەڵاتی دادوەری ئەو ئەركە لە ئەستۆی خۆی نەگرێت و سـەروەری یاسا نەپارێزێت ئیدی ئەسڵەن دەسەڵاتی دادوەری چ مانایەكی هەیە، هەروەها دەسـەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان) ئەگەر ئەركی ئەو لە داڕشـتنی یاسـاكانیدا بەو ئاسـتە نەبن كە ڕەنگدانەوەی كۆی ئیرادەی تاكەكانـی كۆمەڵگە بێت، پرسیار ئەوەیە پەرلەمانمان بۆ چیە؟ لەسیستەمی حكومڕانی دیموكراتیدا كارێكـی زۆر باش كراوە داڕشـتنی یاسـا و پاراستنی سـەروەری یاسا وەك ئەرك سـەیر بكرێت و نەكرێت بە خەڵات، بەڵام هەتا ئێسـتاش لە ناو سیسـتەمی حكومڕانی دیموكراتیدا ئـەو كەلێنە مـاوە كە دەسـەڵاتی جێبەجێكردن(حكومـەت) ئەركەكانی خۆی وەك خەڵات پیشانی هاووڵاتیان دەدات.

ب- لایەنێكی دیكە كە گرنگە (سوپا)ش وەك دەسەڵاتێكی سەربەخۆ سەیر بكرێت لە پێنـاوی ئەوەی حكومەت بۆ شاردنەوەی شكسـتەكانی خۆی دوژمنی وەهمی نیشـتمانی دروست نەكات و بۆ ئەوە وەهمە سوپایەكی

**ئەوەی سیستەمی حكومڕانی ڕووبەڕووی مەترسی زیاتر دەكاتەوە، ئەو كاتانەیە كە كاندیدی ئەو قەوارە سیاسیەی پۆستی سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیرانی پێدەدرێت، خودی قەوارەكە یان لایەنە سیاسیەكە لە ناوخۆی خۆیدا كێشە و تەنگژەی سیاسیی هەبێت و حكومەت وەك میكانیزمێك بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشە ناوخۆیی و تەنگژەكانی ناو ئەو لایەنە سیاسیە بەكار بهێنرێت كە خودی سەرۆك وەزیران كاندیدی قەوارە سیاسیەكەیە**

کابینەی پێنجەم کە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکایەتی کرد، میتۆدێکی تازەی بۆ حوکمڕانی هێنا ئاراوە، کە بە درێژایی مێژووی حکومەتی هەرێم نموونەی نەبووە، لەوەش زیاتر هیچ حزبێکی سیاسی لە کوردستان(بە پارتی و یەکێتیشەوە)لەو بڕوایەدا نەبوون نێچیرڤان بارزانی تا ئەو ئاستە بەرزە سەرکەوتوو دەبێت، ئەم سەرکەوتنەی نێچیرڤان بارزانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپاو ئەمریکایشی سەرسام کرد



**ئەوەی لەسەردەمی نێچیرڤان بارزانی پێشکەوت و بوو بەسیستەم و رەگی داکوتا لە رێککەوتنەکانی پێشوو ئاکامی نێگەتیڤی لێکەوتەوە کە باسکردنی خزمەتی ئەم باسەی ئێمە ناکات**

بەهێز پێکەوە نەنێت پاشتر کورسی دەسەڵاتەکەی خۆی پێبپارێزێت،لە زۆربەی دەوڵەتانی دیموکراتی رۆژئاوادا،مافی بەکارهێنانی سوپا بۆ شەڕ یان بەکارهێنانی سوپا بۆ کێشە ناوخۆییەکان، لە دەسەڵاتی حکومەت سەنراوەتەوە و دراوەتەوە بە سەرۆکی وڵات یان بە پادشا ئەگەر سیستەمەکە پادشایەتی بێت، بەڵام دیسان ئەمەش گەرەنتی تەواو نادات بۆ ئەوەی سوپا وەك ئەو ئەرکەی بۆ دیاریکراوە بەکار بهێنرێت، بۆیە توێژینەوە تازەکان داوای ئەوە دەکەن کە سوپا دەسەڵاتێکی سەر بەخۆ بێت و لەبری حکومەت راستەوخۆ سوپا وەك دەسەڵاتێك لەبەر دەمی نوێنەرانی گەلدا موناقەشەی بریاری شەڕ و ئاشتی، بڕیاری کرینی چەك و فراوانکردن و بچووککردنەوەی سوپا بدات، بەپێی پێداویستیەکانی داوای بودجەی خۆی بکات،ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا نموونەیەك بهێنینەوە، بریاردانی تۆنی بلێر بۆ بەشداربوونی سوپای بەریتانیا لە شەڕی ئازاد کردنی عێراقدا، کە ئێستاش گۆردن براون و تونی بلێر بەرگری لە بڕیاری حکومەت دەکەن بەڵام پەرلەمانی بەریتانیا رایەکی دیکەی هەیە، حکومەتی ئیسپانیا لە ٢٠٠٣ بریاریدا سوپاکەی بەشداری شەڕی ئازاد کردنی عێراق بکات بەڵام ئۆپۆزسیۆن دژی ئەو بڕیارە بوو پاشان پەرلەمانی ئیسپانیا بریاری کشانەوەی هێزەکانی لەعێراق دا، بەڵام ئەگەر دامەزراوەی سوپا وەك دامەزراوەیەك دەسەڵاتێکی سەربەخۆ بوایەو بۆ بەرژەوەندی سیستەمی حکومرانی دەوڵەتی ئیسپانیا یان دەوڵەتی بەریتانیا بریاری بدایە بەشداری بکات یان نە، ئەو ئیشکالیەتە دروست نەدەبوو کە پاشتر دروست بوو.

**٢-** ئیشکالیەتی دووەم لەنێوان هەردوو چەمکی حکومەت و حکومرانی تایبەتە بە دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو یان ئەو کۆمەڵگایانەی لە پرۆسەی بونیادی دیموکراتین و وەك پێویست کولتووری دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە ناو کۆمەڵگە بوونی نیە، بۆیە هەوڵێکی زۆر لەئارادایە کە چەمکی حکومڕانی لە چەمکی حکومەتدا بچووکبکرێتەوە، واتە حکومەت وەك پیشاندانی هەموو حکومڕانی وڵات پیشانبدرێت و دەسەڵاتەکانی حکومەت وەك بەشی شێری سیاسەتی حکومرانی بخوێنرێتەوە، بێگومان ئەم حاڵەتە پەیوەندی بە بیرکردنەوەی ئەو کەسەشەوە هەیە کە حزبێکی سیاسیی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیران کاندیدی دەکات، ئاشکرایە لەو کۆمەڵگایانەی کە هێشتا قۆناخی ئینتیقالی تەواو نەبووە یان کولتوری دیموکراتی لەناو کۆمەڵگە بەتەواوەتی رەگی دانەکوتاوە، ئامانجی سەرەکی حزبە سیاسیەکان لە کاندیدکردنی باشترین کاندیدی خۆیان بۆ وەرگرتی ئەو پۆستە هەستیارە هێندەی بۆ پاراستن و فراوانکردنی قەوارە و نفوزی لایەنە سیاسەکە بەکاردەهێنرێت هێندە بۆ پاراستنی ئەو سیستەمی حکومرانیە بەکارناهێنرێت کە هێشتا لە وڵاتدا ساوایە و پێویستی بەرەگداکوتانی زیاتر هەیە، لەمەش ترسناکتر ئەوەیە کە سیستەمی حکومڕانی رووبەرووی مەترسی زیاتر دەکاتەوە، ئەو کاتانەیە کە کاندیدی ئەو قەوارە سیاسیەی پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی پێدەرێت، خودی قەوارەکە یان لایەنە سیاسیەکە لە ناوخۆی خۆیدا کێشە و تەنگژەی سیاسیی هەبێت و حکومەت وەك میکانیزمێك بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە ناوخۆیی و تەنگژەکانی ناو ئەو لایەنە سیاسیە بەکار بهێنرێت کە خودی سەرۆك وەزیران کاندیدی قەوارە سیاسیەکەیە،بێگومان ئەم حاڵەتە مەترسیدارترین حاڵەتە کە لەماوەی ٧ ساڵی رابردوودا رووبەڕووی سیستەمی حکومڕانی لە عێراقدا بۆتەوەو لەحکومەتی ئایندەی عێراقیشدا ئەم دیاردەیە گەورەترین مەترسی بەردەم حکومڕانی عێراق دەبێت، لێرەدا ئەگەر نموونەی هەردوو پۆستی سەرۆکایەتی وەزیرانی حزبی دەعوای ئیسلامی عێراقی بکەین واتە ئیبراهیم جەعفەری و د.نوری مالیکی، زۆر راشکاوانە هەست بەو راستیە دەکەین کە ئامانجی سەرەکی حزبی دەعوای عێراق هێندەی بۆ بەهێز کردن و فراوانکردنی نفوزی حزبی دەعوا بووە، بەهیچ شێوەیەك بۆ چەسپاندنی سیستەمی حکومرانی عێراق نەبووە، ئەو سیستەمەی کە دەستووری عێراق نەخشەی بۆ کێشاوە، لێرەدا دەکرێت بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێبکەین:

**١-** لەسەردەمی کابینەکەی د.ئیبراهیم جەعفەری دەسەڵاتی حکومەت دژی دەستووری عێراق بەکار هات و هەموو سیستەمی حکومڕانی عێراق لە دەسەڵاتی حکومەتدا کۆکرایەوەو سەرۆك وەزیران بەبێ گەڕانەوەی بۆ ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی کۆمار سەردانی دەوڵەتانی ئیقلیمی دەکردو لە پێناوی بەهێزکردنی پێگەی خۆیدا سەوداو موعامەلەی لەسەر مافەکانی کورد لە دەستووری عێراقدا دەکرد، ئەوەبوو کار گەیشتە ئەوەی هاوپەیمانی کوردستان هەڕەشەی کشانەوە لە پرۆسەی سیاسیی عێراق بکات ئەگەر د.جەعفەری دەست لە کارنەکێشێتەوە.

**٢-** د.نوری مالیکیش بەهەمان شێوە حکومەتی بەشێوەیەکی زۆر بەرچاو خستۆتە خزمەتی ئامانجەکانی حزبی دەعوای ئیسلامی، ئەم کارەی د.مالیکی نەك هەر پێکهاتەکانی

**لەسەر ئاستی وەزارەتەکان، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی داڕشتنەوەی هەیکەلی وەزارەتی بە شەخسی وەزیرەکان سپارد، بۆیەکەمجار لە مێژووی حکومڕانی کوردستان، دانانی جێگری وەزیر خرایە ئیختیاری شەخسی وەزیرەوە**




**نێچیرڤان بارزانی پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی نەکردە بۆنەیەک بۆ خیتابی سیاسیی خۆی، یان نەیکردە بۆنەیەک بۆ بەرژەوەندی سیاسی ئەو لایەنەی کە ئەوی کاندید کردووە بۆ ئەو پۆستە**

عێراقی چەندین جار لەماوەی چەندین ساڵی رابردوو تورە و بێزار کردووە بەڵکو بووە هۆکاری ئەوەی کە هاوپەیمانی نێوان پێکهاتەکانی شیعە لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق لەبەریەکهەڵبوەشێنێت، تەنانەت پێش هەڵبژاردنی پارێزگاکان لە ساڵی ٢٠٠٨ کار گەیشتە ئەوەی کە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و رێکخراوی بەدر لەبەرامبەر حزبی دەعوا نەك هەڵوێستی سیاسی توند وەربگرن، خەریك بوو کۆنترۆڵی هەموو شتێك لە دەست بچێت.

کەواتە ئەم دوو نموونەیەی حکومرانی لە عێراقدا کە دوای حکومەتە کاتیەکەی د.عەلاوی تەنها دوونموونەی حکومرانی عێراقن لە دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن ئەو راستیەمان پێدەڵێن،کە هێشتا ئیشکالیەتی نێوان چەمکی حکومەت و حکومرانی لەعێراقدا، ئەو ئیشکالیەتەیە کە هەموو کات ئاییندەی عێراق دەخاتە دووڕیانی مەترسیەکی ترسناکەوە و لەوانەیە ئەگەر بواری ئەوە بدرێت تەنها سوپا بەپێی مەزاجی ئەو سەرۆك وەزیرانە ریکبخرێتەوە کە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی عێراقی دەکات، سەرلەونوێ عێراق بگەڕێتەوە بۆ ناو بازنەی حکومرانی عەسکەرتاری و تۆتالیتاری و دووبارەبوونەوەی کودەتای سەربازی لەبری دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی



نێچیرڤان بارزانی لەکاتی سەرۆکایەتیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەسەڵاتی پارێزگاکانی کوردستانی زیاتر کرد و فەرمانگەکانی حکومەتی بەو جۆرە رێکخستنەوە کە هەماهەنگی لە نێوان کارکردنیان لەگەڵ پارێزگا و وەزارەتەکانیان رێکبخەن، لەمەشدا رەچاوی تایبەتمەندی هەر پارێزگایەک کرا و رای پارێزگار بۆ هەیکەلی ئیداری فەرمانگاکانی وەزراتە جیاوازەکان لەبەر چاو گیرا

خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ کە هەوڵەکانی نێچیرڤان بارزانی پێ دەناسرێتەوە دروستبوونەوەی متمانەبوو لەناو حکومەت و دامەزراوەکانی دیکەی حکومڕانی لە کوردستان

دەسەڵات.

## چۆن ئیشکالیەتی حکومەت و حکومڕانی چارەسەر دەکرێت؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی گشتی نادرێتەوە،لەبەر ئەوەی حکومەت و حکومڕانی بەرهەمی ئەو یاسا و دەستورەیە کە هەر گەلێك بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی بۆ هەڵسووڕانی دامەزراوەکانی خۆی دایدەرێژێت، بۆیە لەم خاڵەوە ناکرێت، بە سیستەمی حکومرانی وڵاتێکی دیکە سیستەمی حکومڕانی خۆمان بەراورد بکەین یان هەڵوەستەی لەسەر بکەین و رەخنەی لێبگرین، بەڵام لە ناو عێراقدا بەو حسابەی ئێستا لە کوردستان خۆمان حکومڕانی خۆمان دەکەین و لەبەغداش بەشدارین لە سیستەمی حکومرانیدا (نەك تەنها حکومەت) ئەوا دەکرێت لە هەردوو روانگەی عێراقی و کوردستانیەوە لەسەر ئیشکالیەتی حکومەت و حکومڕانی قسە بکەین و بەراوردکاری لەنێوانیاندا بکەین و شێوازی حکومڕانی کوردستان و بەشداریمان لە حکومڕانی عێراقدا جیا بکەینەوە.

## ئیشکالیەتی حکومەت و حکومرانی لە کوردستاندا

ئەگەر راشکاوانە لەسەر ئەم پرسە هەستیارە قسە بکەین و سیستەمی حکومرانی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو دامەزراوانە سەیر بکەین کە هەموو لایەنە سیاسیەکانی لە خۆی گرتووە ئەوا ناچار دەبین باسی ماوەی حکومڕانی هەردوو کابینەی پێنجەم و شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، ئەم باسکردنە بە ئامانجی بەراورد کاریی نیە لە نێوانیاندا بەوەی ئایا کامیان لە کامیان باشترە ؟ چونکە کابینەی پێنجەم کە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکایەتی کرد، میتۆدێکی تازەی بۆ حوکمڕانی هێنا ئاراوە،کە بە درێژایی مێژووی حکومەتی هەرێم نموونەی نەبووە،لەوەش زیاتر هیچ حزبێکی سیاسی لە کوردستان(بە



**دەستکەوتێکی هەرەگرنگ کە بۆ یەکەمجار نێچیرڤان بارزانی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی بۆ هەڵگرت و سیستەمی حکومڕانی کوردستانی گەیاندە ئەو ئاستەی کە بناخەیەکی پتەوی هەیە، جیاکردنەوەی دەسەڵاتی دادوەری بوو لە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم هەنگاوە لە مێژووی حکومڕانی کوردستان بە هەنگاوێکی نموونەیی و لە خۆرابیینی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت**

پارتی و یەکێتیشەوە)لەو بڕوایەدا نەبوون نێچیرڤان بارزانی تا ئەو ئاستە بەرزە سەرکەوتوو دەبێت،ئەم سەرکەوتنەی نێچیرڤان بارزانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپاو ئەمریکایشی سەرسام کرد.بۆیە ئەم باسکردنە بە ئامانجی ئەوەیە ئایا تاچەند ئەم دوو کابینەیە دەتوانن ئیشکالیەتی حکومەت و حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان بەمانای (عێراقەکەی دیکە نەك بەشێك لە عێراق)چارەسەر بکەن، تاچەند توانراوە حکومەت وەك بەشێك لە دامەزراوەکانی سیستەمی حکومڕانی کوردستان سەیر بکرێت نەك حکومەت خۆی هەموو سیستەمی حکومرانی بێت.

کەواتە لێرەوە دەرگای وتوێژ و موناقەشەکەمان لەسەر ئەو پرسانە واڵا ناکەین، کە دەمانباتە سەر ئەو بەراوردکارییەی ئاکامی باش و خراپمان پێدەڵێت، بەڵکو ئاراستەی وتوێژ و موناقەشەکانمان بەو ئاراستەیە واڵا دەکەین کە بمانباتە سەر ئەو بەراوردکاریەی چۆن ساڵ لە دوای ساڵ کابینە لە دوای کابینە سیستەمی حکومرانی لە کوردستان بەو ئاراستەیە پایەکانی خۆی دەچەسپێنێت، کە حکومەت راشکاوانە خۆی وەك بەشێك لە پرۆسەی حکومڕانی سەیر بکات نەك هەموو سیستەمەکە، ئەوا ئومێدێك دروستدەبێت کە حکومەت چیدیکە هەوڵ نادات ئەرکەکانی رۆژانەی خۆی وەك خەڵات بە هاوڵاتیان بفرۆشێتەوە، یان هەوڵی ئەوە نادات پرۆژە خزمەتگوزاریەکان بکاتە بۆنەیەك بۆ خیتابێکی سیاسیی لایەنێکی دیاریکرا و کە سەرەنجام بە زیان بۆ چەسپاندنی پایەکانی سیستەمی حکومڕانی لە کوردستاندا بشکێتەوە.

کەواتە ئەم بەدواداچوونە دوو راستی گرنگمان بۆ دیاریدەکات کە هەم پێویستن ئاماژەیان پێبکەین، هەمیش پێویستە هەڵوەستەشیان لەسەر بکەین



تەنها نێچیرڤان بارزانی بوو کە نەیهێشت ئەم تەگەرانە بخزێنە نێو هەرەمی دەسەڵاتی حکومەت و لەوێشەوە بۆ بچووکترین فەرمانگەی حکومی، کە لە بنەڕەتدا ئەمە نووسینەوەی مێژوو بوو

که ئەمانەن:
١- بونیادی ئەم سیستەمە بە قوربانیدان دروست بووە.
٢- پاراستنیشی پێویستی بە قوربانیدانە.

## قوربانیدان بۆ بونیادی سیستەمی حکومرانی لە کوردستان

ئەگەر چەند ساڵێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە و سەیری سەرەتاکانی ساڵی ٢٠٠٦ بکەین کە پرۆسەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی، پرۆژەی سەرەکی هەر دوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی بوو،هەموو ئاراستەکان لە دەوری چەند مەسەلەیەك خۆیان کۆدەکردەوە کە پەیوەندی بە ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان هەردوو لاوە دەبوو، لە بەغدا و لە هەولێر، باسکردنی ئەم هاوسەنگیەش هەر ئەوەندە نەبوو کام پۆست بەر کام لا دەکەوێت و کام پۆست بەر لایەکەی دیکە دەکەوێت، بەڵکو باسکردنی هاوسەنگییەکە بەو جۆرە کام پۆست ئەگەر بە ئاراستەیەکی خراپ بەکار بهێنرێت ئاراستەی هاوسەنگی هێز لە نێوان هەردوولادا دەگۆڕێت،.گرنگترین پۆست کە ئاستی هاوسەنگیەکەی دەبردە ڕادەیەکی زۆر هەستیار پۆستی سەرۆکایەتیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، کە بەپێی ڕێککەوتنی نێوان هەردوولا بەر پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەوت و پارتیش بۆ ئەم پۆستە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کاندید کردبوو، جێگەی وەبیر هێنانەوەیە پێشتریش لە دابەشکردنی دەسەڵات و پۆستەکاندا لە نێوان پارتی و یەکێتی ڕێکەوتنی لەو جۆرە هەبووە، بەڵام ئەوەی لەسەردەمی نێچیرڤان بارزانی پێشکەوت و بوو بەسیستەم و رەگی داکوتا لە ڕێککەوتنەکانی پێشوو ئاکامی نێگەتیڤی لێکەوتەوە کە باسکردنی خزمەتی ئەم باسەی ئێمە ناکات.

کەواتە هەڵوەستەکردن لەسەر چۆنیەتی بونیادی ئەم سیستەمە پیاهەڵگوتن نیە بە ماوەی حکومرانی نێچیرڤان بارزانی، بەڵکو هەوڵێکە بۆ ڕێزگرتن لەو قوربانیدانانەی ئەم سیستەمەی خستە سەرپێی خۆی و بەردەوامی ئەوە قوربانیدانانە بۆ ئەوەی ئەو سیستەمە زیاتر جێگەی خۆی بگرێت،ئەو قوربانیدانانەش کە پێویست بوون بدرێن لە ناو ڕێککەوتنەکە تۆمار نەکرابوون، بەڵکو بەجێهێڵرابوون چۆن سەرۆکی حکومەت مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات،لەوانەیە هاوڵاتی ئاسایی یان هەموو خوێنەرانی گوڵان بەو ئاستە ئاشنای ئەو وردەکاریانە نەبن بۆیە بە جێگەی خۆی دەزانین هەڵوەستەی لەسەر بکەین:

١- لەناو ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی دیاریکردنی دەسەڵاتی جێگری سەرۆك وەزیران بە جێهێڵرابوو بۆ شەخسی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە سەرەتا کە دەسەڵاتە ڕاگەیەنرا نێچیرڤان بارزانی بەو جۆرە ڕایگەیاند کە جێگری سەرۆکی حکومەت هەموو دەسەڵاتێکی سەرۆکی حکومەتی هەیە بێجگە لە تەرخانکردنی زەوی و ئیمزاکردنی گرێبەستە نەوتیەکان، دواتر و پاش ئەوەی هەنگاو بە هەنگاو سیستەمەکە چووە پێشەوە، ئەو دەسەڵاتانەشی دا بە جێگری سەرۆکی حکومەت.

٢- بەپێی ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی وتەبێژی فەرمی حکومەت پۆستێك بوو بە پلەی وەزیر بۆ پارتی بوو، پاش ماوەیەك لە جومگە بەندی ئیدارەی یەکگرتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەبێ ئەوەی پۆستی وتەبێژی فەرمی لابرێت یان مەرسومێکی بۆ دەربچێت درایە سکرتێری ڕۆژنامەوانی جێگری سەرۆکی حکومەت و بەدرێژایی ماوەی کابینەی پێنجەم وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو بوو.

٣- لەسەر ئاستی وەزارەتەکان، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی دارشتنەوەی هەیکەلی وەزارەتی بە شەخسی وەزیرەکان سپارد، بۆیەکەمجار لە مێژووی حکومڕانی کوردستان، دانانی جێگری وەزیر خرایە ئیختیاری شەخسی وەزیرەوە، واتە ئەگەر وەزیر بیویستایە جێگر بۆخۆی دابنێت ئەوجا ئەو جێگرە پارتی بێت یان یەکێتی یان هەر لایەنێکی دیکەی سیاسیی یان کەسێکی تەکنۆکرات بێت، ئەوە بریاری شەخسی وەزیر بوو کەس دەستی لەکاروباری وەزیر وەرنەدەدا، هەر بۆنموونە لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزیر دوو جێگری هەبوو، بەڵام لە زۆر وەزارەتی دیکە وەزیر جێگری نەبوو، ئەم هەنگاوەی نێچیرڤان بارزانی بە پێدانی دەسەڵات بە وەزیرەکان بۆ دانانی جێگرەکانیان، مانای پربەپێستی هاریکاری بۆ جێگری وەزیرەکان گێڕایەوە بەوەی جێگری وەزیر هاریکاری وەزیرە نەك ڕێگری وەزیر، لەمەش گرنگتر بۆ ئەوەی وەزیر کێشەی کارگێریشی بۆ دروست نەبێت، دانانی بەڕێوەبەرە گشتیەکانی دیوانی وەزارەتەکانیشی خستە ئیختیاری وەزیرەوە و ئەمەش وەك هۆکاری دیکە بۆ سەرکەوتنی لایەنی کارگێری وەزارەتەکان و سەرکەوتنی وەزیرەکان لەکاروبارەکانیاندا.

٤- بۆ ئەوەی گواستنەوەی ئیدارات لە سلێمانیەوە بۆ هەولێر کاریگەری لەسەر ئیشوکارەکانی پارێزگای سلێمانی نەبێت و ئەو هەستە دروست نەبێت بەگواستنەوەی ئیدارات لە سلێمانیەوە بۆ هەولێر کارەکانی سلێمانی دوا دەکەون. نێچیرڤان

**ئەگەر کارە ڕۆژانەییەکانی حکومەت ئەوجا چ سەردانی سەرۆکی حکومەت بێت بۆ یەکێك لە دامەزاوەکانی حکومەت لە هەرێمدا، یان سەردانی وەزیرێك بێت بۆ یەکێك لە فەرمانگاکانی، یان جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەی کە ئەرکی حکومەتن و ئەو ئەرکە بکرێت بە خەڵاتی سیاسیی لایەنێك و بە میللەت بفرۆشرێتەوە، ئەوا نەك هەر ئاستەنگ بۆ سیستەمە سیاسیەکە دروست دەکەین، بەڵکو پایەکانی سیستەمە سیاسیەکە بەدەستی خۆمان دەرووخێنین و لەبری ئەوەی حزب لە حکومەت جیابکەینەوە، حکومەت دەکەینە هۆکارێك بۆ پروپاگەندەکردنی سیاسیی بۆ حزبەکانمان و بەرژەوەندی خەڵك دەخەینە ژێر بەرژەوەندی حزبایەتی تەسکی خۆمانەوە، ئەمە مەترسیەکە کە دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین و شێوازێکە کە پێدەچێت لە شێوازی حکومرانی بەغداوە هاتبێتە ناو حکومرانی کوردستانەوە**

بارزانی ڕەزامەندی خۆی پیشاندە لەسەر کردنەوەی نووسینگەی ئەنجوومەنی وەزیران لە سلێمانی و ئەم نووسینگەیە هەفتەی چەند ڕۆژێك بەرێز جێگری ئەنجوومەنی وەزیران دەوامی تیادەکردو هەموو دەسەڵاتێکی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەبوو بۆ ڕاپەراندنی کارەکان.

٥- بۆ ئەوەی سیستەمی حکومڕانی کوردستان زیاتر بەرەو دیسەنترالیزم (لامەرکەزیەت) هەنگاو هەڵبگرێت، نێچیرڤان بارزانی لەکاتی سەرۆکایەتیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەسەڵاتی پارێزگاکانی کوردستانی زیاتر کرد و فەرمانگاکانی حکومەتی بەو جۆرە ڕێکخستنەوە کە هەماهەنگی لە نێوان کارکردنیان لەگەڵ پارێزگا و وەزارەتەکانیان ڕێکبخەن، لەمەشدا ڕەچاوی تایبەتمەندی هەر پارێزگایەك کرا و ڕای پارێزگار بۆ هەیکەلی ئیداری فەرمانگاکانی وەزراتە جیاوازەکان لەبەر چاو گیرا، هەر بۆ نموونە راستە فەرمانگای کارەبای سلێمانی یەکێکە لە فەرمانگاکانی وەزراەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی و لەوێوە فەرمانی بۆ دادەبەزێت، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەم فەرمانگایە یەکێکە لە فەرمانگەکانی پارێزگای سلێمانی و لەچوارچێوەی بەرنامەی پاریزگادا کاری خۆیدەکات، ئەم هەماهەنگیە وایکرد ڕۆتین و ئاڵۆزییەکانی سیستەمی کارگێڕی کە پێشتر هەبن کەمببنەوەو ئەو بیرکردنەوەی لەسەرەوە بۆ یەکگرتنەوەی ئیدارە دروست بوو بوو، شۆڕبێتەوە بۆ هەموو جومگەکانی کۆمەڵگە بگرێتەوە.

٦- لایەنێکی زۆر گرنگ کە نێچیرڤان بارزانی قوربانی پێداو پێویستە ئەو قوربانیدانەش بەردەوام بێت،ئەوەبوو نێچیرڤان بارزانی پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی نەکردە بۆنەیەك بۆ خیتابی سیاسیی خۆی،یان نەیکردە بۆنەیەك بۆ بەرژەوەندی سیاسی ئەو لایەنەی کە ئەوی کاندید کردووە بۆ ئەو پۆستە،بێگومان ئەو لایەنەش پارتی دیموکراتی کوردستانە،لەوانەیە خوێنەر لەم خستنە ڕووەی ئێمە هەندێك ئیشکالیەتی ئەوەی لا دروست بێت کە مەبەستمان چیە لەوەی کە دەڵێین پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی نەکردە بۆنەیەك بۆ خیتابی سیاسیی خۆی یان حزبەکەی، ئایا مەبەستمان ئەوەیە کە نێچیرڤان بارزانی لەماوەی سەرۆکایەتی کابینەی پێنجەمدا لە بۆنەکاندا گوتاری نەبووە؟ بێگومان ئەمە ئەو ئیشکالیەتەیە لە باسکردنی ئەم مەسەلەیە ڕووبەڕووی دەبینەوە، بۆیە دەڵێین مەبەستمان لەکارە خزمەتگوزاریەکان کە نەکرێنە بۆنە بۆ خیتابی سیاسیی، ئەو هەموو پرۆژانەن کە ڕۆژانە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاریان تێدا دەکات و وەك ئەرکی ڕۆژانەی خۆی کاری تێدا دەکات و هێشتا بەرهەمی ئەو پرۆژە خزمەتگوزاریانە نەگەیشتوونە دەستی خەڵك،یان ئەگەر بگاتە دەستی خەڵك ئەرکی حکومەتە ئەو پرۆژانە جێبەجێ بکات، بۆیە لەسەردەمی کابینەی پێنجەمدا، ڕێورەسمی دانانی بەردی بناخە بۆ پرۆژەکان بەڕادەیەك کەمببۆوە کە زۆر تەواویش دەبوو کەس نەیدەزانی ئەو پرۆژە گەورانە تەواو بوون،وەك پرۆژەی ئاوی زاخۆ، مێرگەسوور، سلێمانی، سۆران، گەرمیان، ڕانیە، قەلادزە، هەوڵێك هەبوو کە پرۆژەی ئاوی هەڵەبجە بکرێت بە بۆنەیەك بەڵام دواتر ئەویش نەکرا، لەبری ئەمانە پرۆژەکانی کەرتی تایبەت کرانە بۆنە بۆ هاندانی سەرمایەی ناوخۆ و هاندانی بزنسمانەکانی کوردستان بۆ ئەوەی خەڵك ڕوو لە ئابووری بازاڕ و ململانێ و کێبرکێ بکات، ئەو بە خەڵکی کوردستانی نەدەگوت تۆ لەماڵەوە دابنیشە و من هەموو شتێکت بۆ دابین دەکەم، بەپێچەوانەوە بە خەڵکی دەگوت ئەگەر تۆ قۆڵت هەڵبکەی بۆ کارکردن ئەوا من بواری کارکردنت بۆ فەراهەم دەکەم.

**نابێت ڕێگە بدرێت کاری ڕۆژانەی حکومەت بە خەڵاتی سیاسیی لایەنێک بە هاوڵاتیان بفرۆشرێتەوە**

٧- خاڵێکی دیکەی زۆر گرنگ کە هەوڵەکانی نێچیرڤان بارزانی پێ دەناسرێتەوە دروستبوونەوەی متمانەبوو لەناو حکومەت و دامەزراوەکانی دیکەی حکومڕانی لە کوردستان، هەر بۆنموونە پەرلەمان متمانەی بەخۆی بوو سەرۆکی حکومەت بانگ بکات بۆ لێپرسینەوە، وەزیرەکان بانگ بکات بۆ لێپرسینەوە، متمانە بەو ئاستە بوو پارتی و یەکێتی ئاسایش و پۆلیس و هێزی پێشمەرگە و دارایی لە چوارچێوەی وەزاەتەکانی ناوخۆ و پێشمەرگە و دارایی یەك بێبگرنەوە، یەکگرتنەوەکانیش هێندە لە سەربنەمایەکی پتەوی متمانە بوو، هێشتا هەردوو وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی یەکینەگرتبۆوەوە شێخ بایز تاڵەبانی بە کردەیی لە کابینەی پێنجەمدا کاری هەردوو وەزارەتەکەی بەڕێوە دەبردو هیچ کێشەیەکیش لە ئارادا نەبوو.

٨- دەستکەوتێکی هەرەگرنگ کە بۆ یەکەمجار کە نێچیرڤان بارزانی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی بۆ هەڵگرت و سیستەمی حکومڕانی کوردستانی گەیاندە ئەو ئاستەی کە بناخەیەکی پتەوی هەیە، جیاکردنەوەی دەسەڵاتی دادوەری بوو لە لە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم هەنگاوە لە مێژووی حکومڕانی کوردستان بە هەنگاوێکی نموونەیی و لە خۆرابیینی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت.

## قوربانیدان بۆ پاراستنی سیستەمی حکومڕانی

لەوانەیە ئەو پەندە کوردیەی کە دەڵێت ((مانگا دۆشین و قەزوان تەقاندن پێکەوەنابن) کاڵا بەقەد باڵای ئەو مەبەستە بێت کە دەمانەوێت بۆ پاراستنی سیستەمی حکومرانی کوردستان بیلێین، مەبەستیشمان لە سیستەمی حکومڕانی بەتەنها حکومەت نیە بەڵکو هەموو ئەو دامەزراوانەی کە ئەو سیستەمە پێکدەهێنن، بەڵام حکومەت لەناو دامەزراوەکاندا لە هەموویان دیارترە، بۆیە کە زیاتر رووی قسەمان حکومەت دەگرێتەوە لەبەر ئەوەیە دامەزراوەی حکومەت لە دامەزاروەکانی دیکە فراوانترە، بەڵام بەر لەوەی بێینە سەر دامەزاراوەی حکومەت، ئەگەر ئەو پەندە کوردیە لەسەر پەرلەمانی کوردستان جێبەجێ بکەین، ئەوا راشکاوانە دەڵێین ئەگەر سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کە ئێستا یەکێکە لە کادرەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەگەر وەك کادرێکی پارتی دانیشتنەکانی پەرلەمان بەرێوەبەرێت و ئامانجی ئەوە بێت لەسەر کورسی سەرۆکایەتی پەرلەمان بانگێشەی سیاسیی بۆ پارتی بکات یان دانیشتنەکانی پەرلەمان بکاتە بۆنەیەك بۆ خیتابی سیاسیی پارتی، ئەوا لە ئێستاوە پێی دەڵێن ئەوە پەرلەمان نیە و لقێکی پارتی دیموکراتی کوردستانە. بۆ دەسەڵاتی دادوەریش بە هەمان شێوەیە ئەگەر بۆ ئەوە سەروەری یاسا بپارێزین کە ببێتە پروپاگەندە بۆ لایەنێکی سیاسی یان راشکاوانەتر بڵێین بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوا راشکاوانە دەڵێین نەك سەروەریی یاساتان نەپاراستووە بەڵکو پارتیتان خستۆتە سەرووی یاسا و سەروەریی یاساتان کردووە بە هۆکارێك بۆ پروپاگەندەی سیاسیی، بێگومان دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش (واتە حکومەت) بە هەمان شێوەیە ئەگەر کارە رۆژانەییەکانی حکومەت ئەوجا چ سەردانی سەرۆکی حکومەت بێت بۆ یەکێك لە دامەزاوەکانی حکومەت لە هەرێمدا، یان سەردانی وەزیرێك بێت بۆ یەکێك لە فەرمانگاکانی، یان جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەی کە ئەرکی حکومەتن و ئەو ئەرکە بکرێت بە خەڵاتی سیاسیی لایەنێك و بە میللەت بفرۆشرێتەوە، ئەوا نەك هەر ئاستەنگ بۆ سیستەمە سیاسیەکە دروست دەکەین، بەڵکو پایەکانی سیستەمە سیاسیەکە بەدەستی خۆمان دەرووخێنین و لەبری ئەوەی حزب لە حکومەت جیابکەینەوە، حکومەت دەکەینە هۆکارێك بۆ پروپاگەندەکردنی سیاسیی بۆ حزبەکانمان و بەرژەوەندی خەڵك دەخەینە ژێر بەرژەوەندی حزبایەتی تەسکی خۆمانەوە، ئەمە مەترسیەکە کە دەبێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین و شێوازێکە کە پێدەچێت لە شێوازی حکومرانی بەغداوە هاتبێتە ناو حکومرانی کوردستانەوە،تەنها نێچیرڤان بارزانی بوو کە نەیهێشت ئەم تەگەرانە بخزێنە نێو هەرەمی دەسەڵاتی حکومەت و لەوێشەوە بۆ بچووکترین فەرمانگەی حکومی،کە لە بنەڕەتدا ئەمە نووسینەوەی مێژوو بوو. بۆیە ئەگەر بمانەوێت رێگە بەم مەترسیە بگرین کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆی کرد،دەبێت بیر لە قوربانیدان بکەینەوە نەك لە لاسایکردنەوە:

١- وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئێمە وەك هاوڵاتیانی کوردستان لەسەر دوو ئاست ئەزموونی حکومرانیمان هەیە، یەکەمیان خودی حکومرانی خۆبەخۆی کوردستانە، دووەم بەشداریمانە لە حکومرانی بەغدا، ئەم دوو ئەزموونە لە هەموو روویەکەوە لێکجیاوازن، هەر بۆنموونە هەموو هەوڵەکانی حکومرانیکردنی بەغدا بۆ ئەوەیە ئەو سیستەمە کاری پێنەکرێت کە دەستووری عێراق نەخشەی بۆ کێشاوە، بۆیە لاساییکردنەوەی ئەم ئەزموونەی حکومەتی بەغدا لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ سیستەمی حکومرانی چ کارەساتێك لە هەرێمدا دروستدەکات.

٢- لە حکومەت لە سیستەمی حکومرانی بەغدا هۆکارێکە بۆ پروپاگەندەی حزبی و چارەسەرکردنی کێشە و تەنگژەکان و فراوانکردنی نفوزی حزبی دەعوا، تەنانەتە وەزارەتەکانیش کە هەر یەکەیان لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە راوێژکاری تایبەتیان بۆ دانراوەو راستەوخۆ پەیوەندی بە نووسینگەی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەکەن، جۆرێکە لە بێ ماناکردنی حکومرانی و بچووکردنەوەی رۆڵی وەزارەتەکان لە سیستەمی حکومرانی عێراقدا، بۆیە ئەگەر ئەم لایەنەش لاسایی بکرێتەوە لە کوردستان زۆر بەسلبی دەشکێتەوە.

٣- بۆ ئەوانەی ئەزموونی حکومرانی عێراقیان هەیە و ئێستاش لەحکومەتی هەرێمی کوردستاندا پۆست و پایەیان هەیە، دەبێت بەجۆرێك سوود لە ئەزموونی حکومڕانی بەغدا وەربگرن کە رێگە نەدەن ئەو شێوازەی بەغدا کاری پێدەکرێت لە کوردستان دووبارە نەبێتەوە، لەسەروو هەموویانەوە نابێت رێگە بدرێت کاری رۆژانەی حکومەت بە خەڵاتی سیاسیی لایەنێك بە هاوڵاتیان بفرۆشرێتەوە.

٤- دەبێت هەموومان دان بەو راستیەدا بنێین کە سەرکەوتنی نێچیرڤان بارزانی لە دامەزراندنی ئەم سیستەمە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە نێچیرڤان بارزانی دوور بوو لە ئەزموونی حکومرانی عێراق و رێگەشی نەدەدا ئەو ئەزموونە لە کوردستان دووبارە بکرێتەوە.

**سەرکەوتنی نێچیرڤان بارزانی لە دامەزراندنی ئەم سیستەمە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە نێچیرڤان بارزانی دوور بوو لە ئەزموونی حکومرانی عێراق و رێگەشی نەدەدا ئەو ئەزموونە لە کوردستان دووبارە بکرێتەوە**





لێکنزیکردنەوەی بۆچوونەکان بێت، بەڵام سروشتی سیاسەت لە عێراقی عەرەبیدا بەوجۆرەیە رەتکردنەوەی ئەو هەوڵانە و نەچوون بەپیر ئەو هەنگاوانەی کە بۆ لێکنزیکردنەوەی لایەنەکان دەخرێنە گەڕ بۆ ئەوەی بگەنە زەمینەیەکی هاوبەش، بەجۆرێك لە پیشاندانی لایەنی نیشتمانی عێراقی لەلایەن هەندێك لایەنی عەرەبی سوننە و شیعەوە دەخوێنرێتەوە و دەکرێتە جۆرێك لە موزایەدەکردنی سیاسی بەسەر یەکتریەوە، ئەوەی لەمەش جێگەی تێڕامانە وەنەبێت لایەنە سیاسییە عەرەبییەکانی عێراق بێ بەشداری و هاندانی ئەمەریکا خۆیان لە ناو خۆیاندا رێکبکەون و بگەنە ئاکامێکی هاوبەش بۆ بونیادی حکومەتی ئایندە، بۆیە ئەگەر ئەمەریکاش نەیەتە ناو پرۆسەکە وەك هاندەر و میانگیر، ئەوا کارێك دەکەن کە خۆیان ئەمەریکا رادەکێشنە ناو پرۆسەکە بۆ ئەوەی رۆڵی هاندەر و میانگیر بگێڕێت، لەمەش سەیرتر ئەوەیە هەردوو لایەنی شیعە و سوننە بەجۆرێك ئاستی رازیبوونیان لەبەرامبەر هەوڵەکانی ئەمەریکا پیشاندەدەن، کە لایەنی سوننە دەخوازێت ئەمەریکاش لە پرۆسەکە وەك ئەوان سەیری پرۆسەکە بکات و عەرەبی شیعەش هەمان شتیان دەوێت، بۆیە ئەوان لەو راستیە خۆیان ناخافڵدەکەن، کە پرۆسەی دروستکردنی هاوپەیمانی یان گەیشتن بە رێکەوتن لە فەرهەنگی ئەمەریکادا بەوجۆرەیە کە هیچ لایەنێکی پرۆسەکە خۆیان بە دۆڕاو نەزانن، بەڵام هەموو شتێکیشیان بەدەست نەهێناوە، ئەم سروشتەی سیاسەت و سیاسەتکردن لەناو عەرەبی عێراقدا پێمان دەڵێت گەیشتن بە رێککەوتن بۆ پێکهێنانی حکومەتی ئاینده ماوەیەکی زۆری دەوێت هەتا لایەنە سیاسییە عەرەبییەکانی عێراق دەگەنە ئەو قەناعەتەی لەوە زیاتر بەدەست نایەت، جا لێرەوە کاتێك ئەم قەناعەتە لای عەرەبی عێراق بۆ ناوخۆیی خۆیان دروست دەبێت و پێویستە لەو قەناعەتەشەوە لەگەڵ کورد بۆ پێکهێنانی حکومەت رێکبکەون، دیسان هەمان سیناریۆی یەکەمجار دووبارە دەبێتەوە، بەڵام ئەمجارەیان هەموو شتێك لە روانگەی بەرژەوەندی خۆیان وەك عەرەبی عێراق سەیر دەکەن و هەموو مافە دەستووری و شەرعییەکانی گەلی کوردستان دەخەنە ژێر پرسیار و گومان و رەتکردنەوە، لەم پرۆسەیەشدا هەتا عەرەبی عێراق دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە ئەوەی گەلی کوردستان لە عێراقدا داوای دەکات مافێکی رەوای خۆیەتی و دەستووری عێراق دانی پێداناوە و لەسەر ئەوان فەرزە رێزی بگرن، ئەمەشیان کاتێکی دیکەی دەوێت هەتا دەگەنە قەناعەت، ئەگەر لەوە زیاتر سوور بن لەسەر ئەو دوا ناماقووڵانەیان، ئەوا شتیك نامێنێت پێی بگوترێت یەکپارچەیی عێراق، ئەمەش هۆکارێکی دیکەی دواکەوتنی حکومەتی ئایندەی عێراقە، کە ئەوەی ئێستا نکۆڵی لێدەکەن لەسەری رێکبکەون، دواتر و پاش ئەوەی هیلاك دەبن بە ناچاری لەسەری رێکدەکەون. ئەمە سیناریۆی هەموو جارەکانی پێکهێنانی حکومەتی عێراق بووە دوای راگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن، بۆیە مەزندەکانی ئێستاش بۆ دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت لەو هۆکارانەوە سەرچاوە دەگرن کە سروشتی سیاسەت لە عێراقدا دیاریدەکات.

**کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا یان سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا**

ئامانجی ئەمەریکا لە پیشاندانی هەڵبژاردنەکانی عێراق وەك پرۆسەیەکی سەرکەتوو، وەك چاودێران ئاماژەی پێدەکەن بۆ ئەوەیە کە ئەو نەخشەیەی بۆ کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق دایڕشتووە، لە کاتی خۆیدا جێبەجێی بکات، ئەم ئامانجە بۆ ئێستای ئیدارەی ئۆباما وەك ئەولەویەتی بەرنامەکانی بەرامبەر بە عێراق سەیر دەکرێت و رای گشتی ئەمەریکاش لەم چوارچێوەیەدا پشتگیری لە بەرنامەکەی ئۆباما دەکات، بەڵام ئەم بەرنامەیەی ئیدارەی ئەمەریکی کە وەك ئەولەویەت بۆ عێراق سەیری دەکات، ئایا تا چەند عێراق بەرەو سیستمێکی دیموکراتی و فیدراڵی دەبات؟ ئەمەیان ئەو پرسیارەیە کە هەموو کات بێ وەڵام ماوەتەوە و پێدەچێت ئەمجارەش بەبێ وەڵام بمێنێتەوە.

## جۆناسان لاد بۆ گوڵان:

# هه‌تا ئێستا كولتووری متمانه له نێوان پێكهاته سیاسییه‌كانی عێراقدا دروست نه‌بووه

**پرۆفیسۆر جۆناسان ماكدۆناڵد لاد ئوستادی زانستی سیاسه‌ته له زانكۆی جۆرج تاون پسپۆڕ و تایبه‌تمه‌نده له‌سه‌ر میدیا و رای گشتی و كاریگه‌ری هه‌ردووكیان له كۆمه‌ڵگه‌ی دیموكراتیدا، بۆ قسه‌كردن له‌سه‌ر هه‌ڵبژاردنه‌كانی عێراق و ره‌نگدانه‌وه‌ی هه‌ڵبژاردنه‌كان له میدیا و رای گشتی ئه‌مریكادا پرۆفیسۆر لاد به‌مجۆره رای خۆی بۆ گوڵان ده‌ربڕی.**

**ئومێده‌وارم هه‌ڵبژاردنی دیكه‌ش ئه‌نجامبدرێت كه كراوه‌تر و بێ كێشه‌تربن له‌و هه‌ڵبژاردنانه‌ی كه ئه‌نجامدراون**

*** له گه‌مه‌ی دیموكراسیدا سندوقه‌كانی ده‌نگدان ده‌بنه هۆی گۆڕینی هاوكێشه سیاسییه‌كه، پرسیاره‌كه ئه‌وه‌یه ئایا دووباره خۆڕێكخستنه‌وه ده‌بێته هۆی دووباره به‌هێزكردنه‌وه‌ی توانای پارته سیاسییه‌كان؟**

- له راستیدا دروستكردنی ئه‌م كولتووره و په‌ره‌پێدانی ئه‌م توانایه لای پارته سیاسییه‌كان كاتێكی دووروودرێژی ده‌وێت و چه‌ندین ساڵ ده‌خایه‌نێت، مه‌به‌ستم ئه‌وه‌یه دروستبوونی متمانه له نێوان پارته سیاسییه‌كاندا، هه‌روه‌ها قبوڵكردنی دۆڕان و شكستخواردن له كاتی هه‌ڵبژاردنه‌كاندا و په‌نانه‌بردنه‌به‌ر هه‌ڵگیرساندنی شه‌ڕ به‌كارهێنانی توندوتیژی و ئاماده‌بوون بۆ ده‌ستهه‌ڵگرتن و به‌جێهێشتنی ده‌سه‌ڵات ئه‌گه‌ر هاتوو له هه‌ڵبژاردنه‌كاندا نه‌یانتوانی دووباره متمانه‌ی هاوڵاتیان به‌ده‌ستبهێننه‌وه كاتێكی زۆری ده‌وێت، واته ئه‌مه پرۆسه‌یه‌كی درێژخایه‌نه، به‌ڵام ئه‌گه‌ر پێداگیری و به‌رده‌وامبوون له‌سه‌ری هه‌بێت، ئه‌وا له كۆتاییدا هه‌ر به‌م ده‌رئه‌نجامه ده‌گات، واته ده‌گاته ئه‌و دۆخه‌ی كه حاڵی حازر له ئه‌وروپادا به‌دی ده‌كه‌ین كه ئاڵوگۆڕی ئاشتیانه‌ی ده‌سه‌ڵات له ئارادایه.

*** واته پێت وایه ده‌بێت پارته سیاسییه‌كان متمانه‌یان به‌خۆیان هه‌بێت و گه‌شبین بن دووباره ده‌توانن كار بۆ ئه‌وه بكه‌نه‌وه پێگه‌یه‌كی جه‌ماوه‌ری به‌هێزتریان هه‌بێت و ده‌رفه‌تی باشتریان بۆ دووباره گرتنه‌ده‌ستی ده‌سه‌ڵات ده‌بێت؟**



- هیوادارم دۆخه‌كه به‌م شێوه‌یه بێت، به‌ڵام ئه‌وه‌ی په‌یوه‌ست بێت به عێراقه‌وه، ئه‌وا كه‌س نازانێت ئه‌و حكومه‌ته‌ی پێكده‌هێنرێت به چ شێوه‌یه‌ك ده‌بێت، به‌ڵام گرنگ ئه‌وه‌یه له ئاینده‌دا ئه‌م هه‌ڵبژاردنانه دووباره ببنه‌وه و ئاستی ئازادی سیاسی له وڵاته‌كه‌دا به‌ره‌و هه‌ڵكشان و زیادبوون بچێت، نه‌ك به پێچه‌وانه‌وه، له‌به‌ر ئه‌وه ئومێده‌وارم هه‌ڵبژاردنی دیكه‌ش ئه‌نجامبدرێت كه كراوه‌تر و بێ كێشه‌تربن له‌و هه‌ڵبژاردنانه‌ی كه ئه‌نجامدراون.

*** عێراق به ده‌وڵه‌تێكی تازه گه‌شه‌كردو داده‌نرێت، هه‌روه‌ها وڵاته تازه‌گه‌شه‌كردووه‌كانیش له سه‌ره‌تای پرۆسه‌ی به دیموكرتیكردنـدان، به چه‌شنێك كاتێك سندوقه‌كانی ده‌نگدان ده‌بنه هۆی ئه‌وه‌ی ئاڵوگۆڕ له پارتی ده‌سه‌ڵاتدارادا بكه‌ن، ئه‌وا پارته دۆڕاوه‌كان ئه‌مه به دوورخستنه‌وه و ده‌ركردنیان له پرۆسه سیاسییه‌كه له قه‌ڵه‌م ده‌ده‌ن، پرسیاره‌كه ئه‌وه‌یه چۆن بتوانین پارته سیاسییه‌كانی عێراق قه‌ناعه‌ت پێبكه‌ین كه ئاڵوگۆڕی ده‌سه‌ڵات به مانای دووركه‌وتنه‌وه له پرۆسه سیاسییه‌كه نییه؟**

- له راستیدا ئه‌و كولتووره‌ی كه ئه‌وه له‌خۆده‌گرێت ده‌بێت ئه‌و پارته‌ی ده‌سه‌ڵاتی له‌ده‌ستداوه و له ده‌ره‌وه‌ی بازنه‌ی حكومڕانێتییه مومارسه‌ی مافه سیاسییه‌كانی بكات و رێز له مافه سیاسی و مه‌ده‌نییه‌كانی بگیرێت كولتوورێكی نوێیه، ته‌نانه‌ت ئه‌مه بۆ وڵاتانی ئه‌ورووپاش راسته، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ته‌نها دوای جه‌نگی جیهانی دووه‌م وڵاتانی ئه‌ورووپا دیموكراسییه‌كی سه‌قامگیریان به‌خۆوه‌بینی، كه‌واته باشترین وه‌ڵامی من بۆ ئه‌م پرسیاره ئه‌وه‌یه ئه‌م پرۆسه‌یه كاتێكی زۆر ده‌خایه‌نێت، به‌ڵام ئومێده‌وارم له‌و ماوه‌یه‌دا په‌نا بۆ به‌رپاكردنی شه‌ڕی ناوخۆیی و شێوه‌كانی دیكه‌ی

توندوتیژی نەبردرێت. ئەوەی پەیوەست بێت بە عێراقەوە، ئەوا ئاشکرایە هێشتا ئەم کولتووری و هێشتا ئەم متمانەیە لەو وڵاتەدا دروست نەبووە و هیوادارم بە تێپەڕبوونی کات کار بۆ بنیاتنانی بکرێت و پەنا بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی لەم پرۆسەیەدا نەبردرێت. ئەو وڵاتانەی لە رووی ئابوورییەوە گەشەکردوون و تاکەکەسەکانی خاوەنی داهاتێکی بەرزن، زۆرجار، بەڵام هەموو جارێك نا- ئەم دۆخە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو وڵاتە لە رووی سیاسییەوە سەقامگیری بەخۆوە ببینێت، واتە لەبەر چەند هۆکارێك کە بە تەواوەتی تێیان ناگەین، کولتووری متمانەکردن بە رکابەرەکانت ئەو کاتە دروست دەبێت کە وڵاتەکە لە رووی ئابووریەوە گەشەی کردبێت، کەواتە ئومێدم وایە بتوانین بە هاوکاریکردنی عێراق لە رووی ئابوورییەوە کار بۆ چەسپاندنی سەقامگیری سیاسی بکەین لەو وڵاتەدا و کار بۆ دروستکردن و بنیاتنانی ئەم کولتوورە بکەین تێیدا.

*** چۆن دەتوانین کار بۆ ئەوە بکەین کە موعارەزە رۆڵی سروشتی و راستەقینەی خۆی ببینێت و هەڵبستێت بە پێشکەشکردنی بەدیلی باشتر؟**

- لە راستیدا ئەمە کێشەکەیە و ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەکەن تەواو راست و دروستە، لەبەر ئەوەی هەمیشە موعارەزە سوودمەند دەبێت کاتێك پارتی حکومڕان ئەدایەکی خراپی دەبێت لە راپەڕاندنی ئەرکی حکومڕانێتیکردندا، واتە کاتێك خەڵکی ناڕازی و نائاسودە دەبن لە پارتی حکومڕان، ئەوا دەرفەتی بردنەوەی پارتی موعارەزە زیاتر دەبێت، ئەگەرچی رەنگە بەدیلی باشتری نەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، واتە کێشەکە ئەوەیە ئایا پارتی موعارەزە لە کاتی گرتنەدەستی دەسەڵات بایەخی راستەقینە بە چارەسەرکردنی کێشەکان دەدات، یاخود هەمان ئەدای خراپی پارتی پێشوو دووبارە دەکاتەوە؟




کولتووری متمانەکردن بە رکابەرەکانت ئەو کاتە دروست دەبێت کە وڵاتەکە لە رووی ئابووریەوە گەشەی کردبێت

ئایا پارتی موعارەزە لە کاتی گرتنەدەستی دەسەڵات بایەخی راستەقینە بە چارەسەرکردنی کێشەکان دەدات، یاخود هەمان ئەدای خراپی پارتی پێشوو دووبارە دەکاتەوە؟

## سوزان بیکفورد بۆ گوڵان:

# بەشداری عێراقییەکان لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەدا جۆرە ئومێدێک بۆ ئایندەی عێراق دروست دەکات

**پرۆفیسۆر سوزان بیکفۆرد ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی نورس کارۆلینا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر پرسی دیموکراتی و پرۆسەکانی هەڵبژاردن لە وڵاتانی تازە پێگەیشتووەکاندا،سەبارەت بەرەوشی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە عێراق و کاریگەری ئەم هەڵبژاردنە لەسەر ئاییندەی سیاسی عێراق خاتوو سوزان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

> رۆڵی پارتە سیاسییەکان تەنها کورت نابێتەوە لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان و پرۆسەی دەنگداندا

*** عێراق بە دەوڵەتێکی تازە گەشەکردوو دادەنرێت، هەروەها وڵاتە تازەگەشەکردووەکانیش لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکرتیکردندان، بە چەشنێك کاتێك سندوقەکانی دەنگدان دەبنەهۆی ئەوەی ئاڵوگۆر لە پارتی دەسەڵاتداردا بکەن، ئەوا پارتە دۆڕاوەکان ئەمە بە دورخستنەوە دەرکردنیان لە پرۆسە سیاسییەکە لە قەڵەم دەدەن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین پارتە سیاسییەکانی عێراق قەناعەت پێبکەین کە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات ئەمە بە مانای دورکەوتنەوە نییە لە پرۆسە سیاسییەکە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە روودەدات، لەبەر ئەوەی رۆڵی پارتە سیاسییەکان تەنها کورت نابێتەوە لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان و پرۆسەی دەنگداندا، ئەمەش بەو واتایە دێت کە تەنانەت ئەو پارتە سیاسییانەی لە هەڵبژاردنەکایشدا دووچاری شکست هاتوون دەتوانن رۆڵ و کاریگەری خۆیان هەبێت، چونکە وەك بەشێك لە پرۆسە دیموکراسییەکە دەمێننەوە، بۆ نموونە دەتوانن ببنە هۆکار و ئامرازێك بۆ ناچارکردنی حکومەت تاوەکو بەرژەوەندی ئەو گروپ و چینانە لەبەرچاوبگرێت کە نوێنەرایەتیان دەکات، بە دەربڕینێکی دیکە دەتوانن ببنە موعارەزەیەکی دڵسۆز و ببنە ئامرازێك بۆ ئەوەی دەنگی هاوڵاتییان بە دەسەڵات بگەیەنن. هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد پێویستە ئێمە تێڕوانینێکی فراوانمان هەبێت لەم رووەوە، مەبەستم ئەوەیە نابێت پرۆسە سیاسییەکە تەنها لە پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگداندا کورت بکەینەوە، ئەگەرچی ئەمە توخمێکی سەرەکیی دیموکراسیشە. ئەمە بۆ دیموکراسیەتی وڵاتە تازەگەشەکردووەکان و وڵاتە گەشەکردووەکانیش راستە، لەبەر ئەوەی پرۆسەی بە دیموکراتیکرن جگە لە دەنگدان پرسی ئاڵوگۆر لە بیرکردنەوەو کەلتوری کۆمەڵگەکە و پیادەکردنی بنەما دیموکراسییەکان و رەنگدانەوەیان لە سەر ئەرزی واقیع دەگرێتەوە.



*** لە هەڵبژاردنەکەی ئەم چەند رۆژەی دوایی عێراقدا گۆڕانێك لە تێڕوانین و لایەنە سیاسییەکاندا بەدی دەکرا، بەڵام ئەم گۆڕانە ئەنجامی بوونی کەلتوری دیموکراسی نەبوو، بەڵکو ئەندامی دووبارە خۆ رێکخستنەوەی پارت و لایەنە سیاسییەکان بوو لەسەر بنەمای بەرژەوەندی ئیتنی و ئاینی، ئایا چۆن دەتوانین ئەم گۆڕانە ئیستیغلال بکەین بۆ ئەوەی ئاقارەکە بە ئاراستەی بە دیموکراسیکردنی دۆخەکە ببەین؟**

- لەراستیدا دەبێت ئێمە کار بۆ ئەوە بکەین کە خەڵکی هەوڵبدەن خۆیان پەیوەست بکەن بەپرۆسە دیموکراتییەکەوە، واتە ئەگەرچی گروپێك هەوڵی پەرەپێدانی بەرژەوەندییە تائیفییە تایبەتییەکانیان بدات، بەڵام دەبێت ئەم هەوڵو کۆششە لەچوارچێوەی پرۆسە دیموکراتییەکەدا بێت، واتە هەوڵبدرێت ئامرازە دیموکراسییەکان بەکاربهێنرێن بۆ هێنانەدی ئامانج و بەرژەوەندییەکان. ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی لە مەودای دووردا و بتوانین پەرە بەبیرکردنەوە و کەلتوری دیموکراسی بدەین.

> هەوڵبدرێت ئامرازە دیموکراسییەکان بەکاربهێنرێن بۆ هێنانەدی ئامانج و بەرژەوەندییەکان. ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی لە مەودای دووردا و بتوانین پەرە بەبیرکردنەوە و کەلتوری دیموکراسی بدەین

*** ئێمە دەزانین تێکرای جیهان پێشوازییەکی گەرمیان لە هەڵبژاردنەکانی عێراق کرد، لەگەڵ ئەوەشدا پارتە سیاسییە سەرکەوتووەکانی عێراق توندگرێدراون بە بەرژەوەندییە ئیقلیمییەکانەوە، واتە کەوتونەتە ژێر کاریگەری و دەستڕۆیشتووی ئەم وڵاتانەوە، ئایا چۆن بتوانین رێگە لەوەبگرین ئەم وڵاتانە کاریگەرییان هەبێت بۆ سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان؟**

- ئەوە راستە کە دەوڵەتگەلێکی دیاریکراو لە دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق بەرژەوەندییان لەوەدایە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا بشکێنەوە، بەڵام من لێرەدا ئەوە دووپات دەکەمەوە کە ئەمە پرسێکی دەبێت عێراقییەکان خۆیان بڕیاری لە بارەوە بدەن، واتە دەبێت عێراقییەکان پێداگیری بکەن لەسەر ئەوەی دەبێت خۆیان خاوەن بڕیار بن و خۆیان ئەوە دەستنیشان بکەن کە چۆن دەتوانن بە باشترین شێوە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەن. هەروەها بە یەکداچوونی بەرژەوەندی نێوان لایەنەکان

کارێکی ئاساییە، بەڵام کاریگەربوونی سلبی وڵاتێك و دەستێوەردانی وڵاتێك لە کاروباری وڵاتێکی دیکەدا شتێکی نائاساییە.

*** تەنانەت دوای هەڵبژاردنەکانیش ئیدارەی ئەمەریکا پابەندبوونی خۆی راگەیاند بە کشاندنەوەی هێزەکانی، ئایا ئەمە تا چ رادەیەك کاریگەری سلبی لێدەکەوێتەوە لەسەر بارودۆخەکە و دەبێتەهۆی دواخستنی پێکهێنانی حکومەتی نوێ لە عێراقدا؟**

- من هیوادارم وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەك پشتیوان و شەریکێك بۆ عێراقییەکان بمێنێتەوە، بەڵام بێ ئەوەی هیچ هێزێکی سەربازی لەو وڵاتەدا هەبێت.

*** ئێمە دەزانین لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردن کورت دەکرێتەوە لە بەدەستهێنانی دەسەڵاتدا، واتە لە کاتی لەدەستدانی دەسەڵاتدا پارتە سیاسییەکە پێی وایە لە پرۆسە سیاسییەکە دوورخراوەتەوە، ئایا چۆن بتوانرێت پەرە بەو کەلتورە بدرێت کە بەو شێوەیە پرۆسە سیاسییەکە وەسف دەکات کە پێکهاتووە لە دەسەڵات و موعارەزە؟**

- ئەمە پرسیارێکی گەورەیە، پێم وایە ئەوەی لێرەدا کاریگەری هەیە بریتییە لەو سیستمە دامەزراوەییەی کە کاری پێدەکرێت و پیادە دەکرێت، مەبەستم ئەوەیە ئایا کار بەسیستمی زۆرینە دەکرێت کە لایەنی براوە بە تەنها هەڵدەستێت بە پێکهێنانی حکومەت و جڵەوی حوکمڕانێتی دەگرێتە دەست بە چەشنی ئەوەی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بەدی دەکەین، یاخود کار بە سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی دەکرێت کە لەم سیستمەدا بواری باشتر دروست دەبێت بۆ کارلێکی نێوان پارتە سیاسییە جیاوازەکان. لەبەر ئەوەی لەم سیستمەدا هەر پارتێکی سیاسی بەپێی ئەو رێژەیەی لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستی هێناوە کورسی پەرلەمان مسۆگەر دەکات.

*** ئەوە ئاشکرایە کە ئەرکی موعارەزە بریتییە لە خستنەرووی بەدیلی باشتر و دووبارە بەدەستهێنانەوەی متمانەی خەڵك، بەڵام لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا موعارەزە هەوڵی رووخاندن و تۆڵەسەندنەوە دەدات، ئایا چۆن دەتوانین کار بۆ ئەوە بکەین کە موعارەزە رۆڵی سروشتی و راستەقینەی خۆی ببینێت و هەڵبستێت بە پێشکەشکردنی بەدیلی باشتر؟**

- ئەگەر پارتی موعارەزە بەمشێوەیە رەفتار بکات، یاخود ئەگەر ئەم تێڕوانینە لەسەر پارتی موعارەزە دروست بێت ئەوا بەو شێوەیە باس لە موعارەزە دەکرێت کە هێزێکە هەوڵی لاوازکردن و لەناوبردنی دیموکراسی دەدات. کە لێرەدا دەبێت پەرە بەو تێگەیشتن و تێڕوانینە بدرێت کە دیموکراسی ململانێیەکی بەردەوام لەخۆدەگرێت لە نێوان بەرەی موعارەزە و بەرەی دەسەڵاتداراندا، بەڵام دەبێت ئەم ململانێیە ببێتە سەرچاوەی بەهێزکردن و پتەوکردنی پرۆسەی بە دیموکراتیکردن، نەك ببێتە هەڕەشە و مەترسی و سەربکێشێت بۆ لاوازکردن و لەناوبردنی پرۆسەکە.

*** ئایا چۆن ئایندەی عێراق دەبینیت، بە تایبەتی لەروانگەی ئەو هەڵبژاردنانەی کە ئەنجامدران؟**

- لەراستیدا بینینی پەرۆشی و پێداگیری خەڵکی عێراق بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان و بڕیاردان لەسەر چارەنوسی سیاسی وڵاتەکەیان مایەی ئومێدە، بە تایبەتی کە عێراقییەکان لە هەلومەرجێکی پڕ لە دژواری و تەحەددیدا ئەم کارەیان کرد.



به یەکداچوونی بەرژەوەندی نێوان لایەنەکان کارێکی ئاساییە، بەڵام کاریگەربوونی سلبی وڵاتێک و دەستێوەردانی وڵاتێک لە کاروباری وڵاتێکی دیکەدا شتێکی نائاساییە

دیموکراسی ململانێیەکی بەردەوام لەخۆدەگرێت لە نێوان بەرەی موعارەزە و بەرەی دەسەڵاتداراندا، بەڵام دەبێت ئەم ململانێیە ببێتە سەرچاوەی بەهێزکردن و پتەوکردنی پرۆسەی بە دیموکراتیکردن

# ئەگەر هاوپەیمانییەکانی رابردوو ئەمجارەش زیندوو بکرێنەوە ئەوا بەزوویی حکومەتی ئاییندەی عێراق پێکدەهێنرێت

**پرۆفیسۆر ریچارد هێرمان ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ئۆهایۆ و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر بەراوردکاری لە سیاسەتی دەرەوەو سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەراست و عێراق، سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی عێراق و چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەتی ئاییندەی عێراق پرۆفیسۆر هێرمان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی:**

*** ئایا تا چ رادەیەك ئەم هەڵبژاردنانە دەبنەهۆی گۆڕینی نەخشەی سیاسی لەعێراقدا؟**

- ئێمە دەزانین کە رێژەی بەشداربوون لە ئاستێکی باشدابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە چاوەڕێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بکەین، چونکە ئەگەر هاتوو پارتە عەلمانییەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا ئەوا بونیادی دەسەڵات لە پەرلەمانی وڵاتەکەدا دەگۆڕێت، کەواتە تاوەکو ئەنجامی هەڵبژاردنەکان نەزانین ناتوانین ئەوە دەستنیشان بکەین کە چ گۆڕانکارییەك لە نەخشەی سیاسی وڵاتەکەدا دروست بووە.

*** ئایا بە مەزندەی ئێوە پێکهێنانی حکومەتی ئاییندەی عێراق بە تایبەتی کە حکومەتی ئاییندە حکومەتێکی هاووپەیمانی دەبێت و پێویستی بە وتوێژ و رێککەوتنی نێوان لایەنە سیاسییەکان دەبێت، ئایا چەند ماوە پێویست دەبێت هەتا ئەم حکومەتە پێکدێت؟**

- لە راستیدا رەنگە چەند هەفتەیەك و ئەگەری ئەوەش هەیە چەند مانگێك بخایەنێت، من پێم وایە ئەگەر هاوپەیمانێتییەکانی رابردوو زیندووبکرێنەوە ئەوا ئەم پرۆسەیە بە خێرایی کۆتایی پێدێت و حکومەتیش پێکدەهێنرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو دەنگەکانی ئەمجارە لە نێوان ئەو لایەنەی کە عەللاوی سەرکردایەتی دەکات، لەگەڵ ئەو لایەنەی حزبی دەعوە سەرۆکایەتی دەکات و لەگەڵ ئەو لایەنەی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی سەرکردایەتی دەکات، واتە ئەگەر دەنگەکان لە نێوان ئەم لایەنانەدا دابەش بێت و کوردەکانیش هەمان رێژەی رابردوو بەدەست نەهێننەوە، ئەوا رەنگە دۆخێکی ئاڵۆز و دروست بێت و پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتیش سەختی تێبکەوێت و ئەگەری ئەوە هەیە ئەم پرۆسەیە (پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت) ببێتە سەرچاوەیەکی راستەقینەی ناکۆکی لە نێوان

**ئەگەری ئەوە هەیە ئەم پرۆسەیە (پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت) ببێتە سەرچاوەیەکی راستەقینەی ناکۆکی لە نێوان لایەنەکاندا**



لایەنەکاندا.

*** لە بارودۆخی لەمجۆرە یان ئەگەر لایەنەکان نەگەیشتنە رێکەوتن، ئایا رۆڵی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چی دەبێت لە یارمەتیدانی عێراقییەکان بۆ جێبەجێکردنی دەستوری وڵاتەکە؟**

- بە دڵنیاییەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتیوانی لە عێراقییەکان دەکات بۆ جێبەجێکردنی دەستوری وڵاتەکەیان، هەروەها ئەمەریکا لەم رووەوە پەنا بۆ قەناعەت پێهێنان و هاندانی عێراقییەکان دەبات بۆ ئەوەی هەڵبستن بە جێبەجێکردنی دەستورەکە، لە هەمان کاتدا ئەمەریکاش بەرژەوەندی خۆی هەیە لە عێراقدا و خوازیارە لەم چوارچێوەیەدا عێراقییەکان نەك تەنها کۆنترۆڵی پرۆسە سیاسییەکە بکەن، بەڵکو بەرپرسیارێتی سەربازی و ئەمنی وڵاتەکەش بگرنەئەستۆ، بەڵام من لەو باوەڕەدانیم ئەمەریکا دەستێوەردانی راستەوخۆ بکات و هێزە بەکاربهێنێت بۆ ناچارکردنی عێراقییەکان بۆ ئەوەی بە دەستوری وڵاتەکەیانەوە پابەند بن.

*** ئەی سەبارەت بە ئاییندەی هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە عێراق و هەروەها وەك بەرێزیشت ئاگاداری چەندین کێشەی هەڵواسراو لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا هەیە، ئایا ئەم کێشانە چۆن چارەسەر دەکرێن و ئاییندەی کورد لە هاوکێشەکەدا چۆن دەبێت؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە ئەو کێشانەن کە حکومەتی عێراقی لە ماوەی شەش بۆ حەوت ساڵی رابردوودا رووبەڕوویان بۆتەوە، لەبەر ئەوە دەبێت حکومەتی عێراقی کۆششی سەخت بکات بۆ چارەسەرکردنیان، هەرچەندە من لەم رووەوە گەشبین نیم، لەبەر ئەوەی ئەگەر یەکلاکردنەوەی ئەم کێشانە ئاسان بووایە، ئەوا ماوەیەکی زۆر بوو چارەسەرکرابوون، واتە نەتوانرا لەو ماوەیەدا کیشەی دابەشکردنی دەسەڵات و داهات لە وڵاتەکەدا چارەسەربکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك لە مەسەلەکان دەوەستێتە سەر ئەوەی کێ لە داهاتوودا لە حکومەتی عێراقیدا باڵادەست دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر حکومەتەکە بە سەرۆکایەتی ئەو لایەنە بێت کە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی سەرکردایەتی دەکات، ئەوا رەنگە زیاتر ئامادەیی تێدابێت بۆ دابەشکردنی داهاتەکان بەسەر هەرێمەکاندا، بەڵام ئایا دۆخەکە بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات ئەگەر حکومەتەکە مەیلێکی مەرکەزی بەهێزی هەبوو؟ ئایا کاردانەوەی کوردەکان چی دەبێت؟ من باوەڕم وایە کوردەکان رازی نابن بە پرۆسەی ئاوێتەکردنەوەیەکی بەهێز لەگەڵ عێراقدا.

*** لەسەرەتاوە وادەرکەوێت کە هەموو لایەنەکانی عێراق کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەبێت حکومەتی داهاتوو حکومەتێکی نیشتمانی بێت و رەنگدانەوەی هەمەڕەنگی نەخشە سیاسییەکەی عێراق بێت، هەروەها دەبێت پشت بە ئەنجامی**



گوڵان
ژمارە (٧٧٣)
٢٠١٠/٣/١٥

**هەڵبژاردنەکان و هاوپەیمانێتییە سیاسییەکان ببەسترێت بۆ پێکهێنانی حکومەت کە تێیدا هەموو لایەنێکی سیاسی پشت بە لایەنەکانی دیکە ببەستێت و بە تەنها ئەرکی دروستکردنی حکومەتی نەکەوێتە ئەستۆ، تیڕوانینی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- لە دیموکراسیدا مەرج نییە ئیجماعێك دروست بێت، بەڵکو زۆرجار ئەو دابەشبوونە قوڵەی لە کۆمەڵگەدا هەیە ڕەنگدانەوەی دەبێت، واتە لە کۆمەڵگەیەکی وەك عێراقدا ئەگەر هاتوو بەشداربوونێکی بەرفراوان کرا لە هەڵبژاردنەکاندا ئەوا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕەنگدانەوەی هەمەڕەنگی و هەمەچەشنی بیروبۆچونەکان دەبێت، کە لەم کاتەدا دەبێت ڕێز لە ئیرادەی خەڵکی وڵاتەکە بگیرێت و زۆرجار ئەو میکانیزمەی کە بەکارهێنراوە بۆ ئیدارەکردنی جیاوازی و ململانێکان بریتی بووە لە بەخشینی ئاستێکی دیاریکراو لە ئۆتۆنۆمی لەسەر ئاستی مەحەلی بۆ ئەوەی خەڵکی خۆیان هەڵبستن بە هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی خۆیان و حکومەتی مەرکەزیش کۆنترۆڵێکی کەمی هەبێت لەسەر بەڕێوەبردنی ئەو کاروبارانە.

*** ئایا ئێوە چۆن لە پشتیوانی ئەمەریکا بۆ عێراق دەڕوانن؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمەریکا بایەخ بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و بە سەرکەوتنی حکومەتی عێراقی دەدات، بایەخ بە هێنانەدی حکومەتێکی سەقامگیر دەدات لە عێراقدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی پەیوەست بێت بە تیڕوانینی خەڵکی ئەمەریکاوە، ئەوەیە کە دەبێت عێراقییەکان خۆیان جڵەوی ئایندەی خۆیان بگرنەدەست و سەروەری بۆ ئەو وڵاتە بگەڕێتەوەو ڕۆڵی ئەمەریکا لەم وڵاتەدا کۆتایی پێبێت لەبەر ئەوەی ئەمەریکا هەرچی لە توانایدا هەبووە ئەنجامیداوە بۆ عێراق و ئێستا شتێك نەماوە ئەمەریکا بتوانێت بۆ ئەو وڵاتەی بکات، لە ڕاستیدا متمانە پێبەخشین و سەرکەوتنی باراك ئۆباماش لە هەڵبژاردنەکاندا لەسەر ئەم بنەمایە بوو. ئیدارەی ئەمەریکا پابەندبوونی خۆی ڕاگەیاندووە بە کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراقدا کە من پێم وایە ئەمەریکا ئەم پابەندبوونەی خۆی جێبەجێ دەکات، تەنها لە حاڵەتێکدا نەبێت کە ئاڵوگۆڕی گەورە و کتوپڕ لە دۆخی عێراقدا ڕوویدات، هەروەها ئەگەر حکومەتی داهاتووی عێراق داوا لە ئەمەریکا بکات بەشێك لە هێزەکانی لە وڵاتەکەدا جێگیر بکات، ئەوا ئەمە شتێکی مەحاڵ نییە بۆ ئەوەی ئەمەریکا جێبەجێی بکات، لەبەر ئەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ چەندین دەیەیە لە وڵاتانی کۆریا، ئەڵمانیا و ئیتاڵیادا جێگیربوونە، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە حکومەتی ئەم وڵاتانە پێشوازی لە بوونی هێزەکانی ئەمەریکا دەکەن.

*** ئایا ڕۆڵی ئەزموونی کوردستان چییە لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین کە کوردەکان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵی گرنگیان لە عێراقدا بینیوە، ئایا چۆن دەتوانن درێژە بەم ڕۆڵە بدەن و کێشەکانی خۆیان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا چارەسەربکەن؟**

- کوردەکان ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە ڕابردوودا و لە ڕاستیدا بەشێکی سەرەکی بوونە لەو هاوپەیمانێتیانەی کە لە پێناو پرۆسەی حکومڕانیکرندا پێکهێنراون، کە بریتی بووە لە هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ شیعەکاندا، واتە ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە لەم ڕووەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو لایەنەکانی دیکە هاوپەیمانێتی پێکبهێنن بۆ ئەوەی زۆرینە دروست بکەن، بۆ نموونە ئەگەر ئەم هاوپەیمانێتییە لە نێوان شیعە و سوننەکاندا دروست بێت ئەوا لەم حاڵەتەدا ڕۆڵ و کاریگەری کوردەکان بەرەو داکشان دەچێت، ئەگەرچی ڕون نییە ئایا ئەمە ڕوودەدات و من لە ئێستا پێشبینی ڕوودانی حاڵەتێکی لەم چەشنە ناکەم بە تایبەتی کە هێشتا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئاشکرانەکراون، کەواتە ئەگەر کوردەکان هەمان پێگەی ڕابردوویان لە پرۆسە سیاسییەکەدا هەبێت ئەوا درێژە بەو ڕۆڵە سەرەکییە دەدەن کە بینیویانە، هەروەها من باوەڕم وایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش بایەخ بەوە دەدات کە کوردستان مامەڵەیەکی باشی لەگەڵدا بکرێت و دەرفەتی بۆ دروست بکرێت بۆ ئەوەی بارودۆخی هەرێمەکە بەرەوپێشبچێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من هیوادارم سەرکردە کورد و عەرەبەکان بگەنە ڕێککەوتنێك بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەکان، هەروەها من باوەڕم وانییە ئەمەریکا پشتگیری لە سەربەخۆی کوردستان بکات، لەبەر ئەوە دەبێت کوردەکان کار بۆ ئەوەی بکەن کە مانەوەیان لە چوارچێوەی عێراقدا بە چەشنێك بێت کە بە باشترین شێوە خزمەتی بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان بکات.



**ئایا دۆخەکە بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات ئەگەر حکومەتەکە مەیلێکی مەرکەزی بەهێزی هەبوو؟ ئایا کاردانەوەی کوردەکان چی دەبێت؟**

**لە کۆمەڵگەیەکی وەک عێراقدا ئەگەر هاتوو بەشداربوونێکی بەرفراوان کرا لە هەڵبژاردنەکاندا ئەوا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕەنگدانەوەی هەمەڕەنگی و هەمەچەشنی بیروبۆچونەکان دەبێت**

کورد یان فراکسیۆنی کوردستان لە پەرلەمانی بەغدا ناتوانێت بچێتە ناو هەر هاوپەیمانی و ڕێککەوتنێکەوە ئەگەر لایەنەکانی بەرامبەر پێش وەختە چەند مەرجێکی گرنگ هەیە دانی پێدا نەێنن:

١- پابەندبوون بە دەستووری عێراق و دانانی دەستوور بە مەرجەعێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

٢- پابەندبوون بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠و یەکلاییکردنەوەی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان.

٣- ئامادەباشی لایەنەکانی بەرامبەر بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا.

٤- دانپێدانان بەوەی کورد نەتەوەی سەرەکی دووەمە لە عێراقدا و دەبێت بە قەوارەی خۆی لە پۆستە سەروەرییەکانی عێراق و پۆستە حکومییەکانی حکومەتی ئاینده پشکی هەبێت.

ئەمانە چەند مەرجێکی زۆر گشتین بۆ گرێدانی هەر هاوپەیمانیەك لە نێوان لیستی کوردستانی و لایەنەکانی دیکەی عێراقدا. بەڵام مەرجی گەوهەریشین بۆ هەر هاوپەیمانیەك کە کورد بۆ بەشداربوون لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا گرێی بدات.

**کێشەکانی عێراق دوو جۆرن کوردستانی و عێراقی دەبێت لێکجیابکرێنەوە**

هەتا ئێستاش لایەنە سیاسییە عەرەبییەکانی عێراق هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیە کە کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق وەك کێشەی عێراقی سەیر بکەن، یان لە چوارچێوەی کێشەی عێراقیدا هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن، تێکەڵاوکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بە شێوەیەکی گشتی نەك نەبۆتە هۆکاری چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵکو کێشەکانی بەجۆرێك ئاڵۆز کردووە کە چارەسەرکردنی ئاسان نەبێت، هەر بۆ نموونە ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق کە بە شێوەیەکی گشتی لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بەو مادەیە ناسراوە کە چارەسەری کێشە ناوچە دابڕاوەکان و بەتایبەتی چارەسەری کێشەی کەرکوك بکات، بەڵام ئەم ماددەیە لە هەمانکاتدا وەك ماددەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گۆڕانکارییە ئیدارییەکانی دیکەی عێراقیش بەکار دەهێنرێت و کێشەی هەندێك پارێزگای باشووری عێراق لەگەڵ کێشەیەکی هەستیاری وەك کەرکورك بەراورد پێدەکرێت، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر کێشەی کەرکوك چارەسەر نەکرێت، ئەوا ئایندەی عێراق دەکەوێتە مەترسییەوە، بەڵام سەدان کێشەی وەك ئەوەی ئێستا لە نێوان پارێزگاکانی باشووردا هەیە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، گرنگە لە هاوپەیمانی ئەمجارەدا لایەنەکانی بەرامبەر و بەشدار لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و حکومەتی ئایندەی عێراق ئەو راستییە بەهەند وەربگرن کە کێشەکانی ئێستای نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا وەك کێشەیەکی تایبەتی نێوان کورد بەغدا سەیر بکرێن و لە کێشەکانی عێراق جیابکرێنەوە بۆ ئەوەی بتوانرێت هەنگاوی جدی بۆ چارەسەرکردنیان هەڵبگیرێت، ئەمریکا لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٢٥ی تەمموزی ساڵی رابردوو بەو ئاراستیە هاتە ناو کێشەکە کە کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بە جیاواز سەیر بکرێت، هەروەها لە کاتی بڕیاردانیش لەسەر هەڵبژاردنەکان وەك گەرەنتیەك بۆ بەشداربوونی کورد لەو هەڵبژاردنەدا پابەندبوونی خۆی بە دەستووری عێراق و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقەوە راگەیاند، بەڵام بۆ ئێستا کە خەریکە سەر لە نوێ کۆبوونەوەکان بۆ گرێدانی هاوپەیمانی تازە لە عێراقدا دەست پێدەکەنەوە، گرنگە ئەمریکا جارێکی دیکە بێتەوەو ناو پرۆسەکە و سەنگی خۆی بخاتەوە گەڕ بۆ ئەوەی تێکرای لایەنە سیاسییەکانی عێراق جارێکی دیکە پابەندبوونی خۆیان بەدەستووری عێراقەوە رابگەیەننەوە، هەر ئەمەش ئایندەی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا دیاری دەکاتەوە.



# کورد لە هاوکێشەی سیاسی دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق و مەرجەکانی بۆ هاوپەیمانی و بەشداری لە حکومەتی ئایندەدا





**پرۆفیسۆر شلۆمۆ برۆمۆ یەکێکە لە گەورە توێژەرانی سەنتەری دیراساتی ئاسایشی نیشتمانی(INSS) و بەڕێوەبەری پرۆگرامی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینە و لە ساڵی ٢٠٠٥-٢٠٠٦ یەکێك بووە لە ستافی سەرەکی وەزارەتی بەرگری ئیسرئیل، پرۆفیسۆر شلۆمۆ وەك ئەکادیمیەك و پرۆفیشناڵێك لە بواری ئاسایشی ئیسرائیل بایەخێکی گرنگ بە عێراق دەدات، بۆ قسەکردن لەسەر ئەو گۆڕانکاریانە مەزندە دەکرێت دوای هەڵبژاردنەکان لە عێراق بێە ئاراوە، پرۆفیسۆر برۆم بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

## شلۆمۆ برۆم بۆ گوڵان:

# گەشبینم بە ئایندەی عێراق و مەزندە دەکرێت هەڵبژاردنەکان کێشەکانی نێوان کورد و شیعەو سوننە قوڵتر بکاتەوە

گرنگی ئەم هەڵبژاردنانە لەوەدایە دەبێتە هۆی زیاتر سەقامگیرکردنی پرۆسە سیاسییەکە

*** پێشبینی گەورە ئەوەیە هەڵبژاردنەکانی عێراق ببنە هۆی هێنانەئارای گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسی عێراقدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئێوە چاوەڕوانی چ گۆڕانکاریەك دەکەن کە بەهۆی ئەم هەڵبژاردنانەوە روویدەن؟**

- ئەگەر ئەم هەڵبژاردنانە بە سەرکەوتوویی بەڕێوەبچن و هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق بەشداری تێدابکەن، ئەوکاتە دەبێتە ئاماژەیەکی ئیجابی کە دوای کشانەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا عێراق بەرەو چەسپاندنی سەقامگیری هەنگاوهەڵدەگرێت.

*** زۆرێك لە چاودێرانی سیاسی بارودۆخی عێراق پێیانوایە ئەم هەڵبژاردنانە تەنها بۆ هێنانەدی ئامانجی ئەمەریکایە کە ئەویش بریتییە لەوەی بە جیهان رابگەیەنێت کە عێراق بەرەو دیموکراسی رێگەی گرتووە، واتە بە دەربڕینێکی دیکە ئەم هەڵبژاردنانە هەڵبژاردنێکی راستەقینە نابن و نابنە هۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق، ئایا ئەگەر ئەم هەڵبژاردنانە نەبنە هۆی چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەمەریکا چۆن دەتوانێت سیاسەتی خۆی لە ئاست عێراقدا بگۆڕێت؟**

- پێموانییە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گۆڕانکاری لە سیاسەتی خۆیدا بکات، لە ئاست عێراقدا بە چاوپۆشین لە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان، چونکە ئیدارەی ئۆباما پابەندە بە خشتەی کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراقدا و بەپێی ئەم خشتەیەش زۆرێك لە هێزەکانی ئەو وڵاتە پاشەکشەیان پێدەکرێت. کەواتە باوەڕم وایە گرنگی ئەم هەڵبژاردنانە لەوەدایە دەبێتە هۆی زیاتر سەقامگیرکردنی پرۆسە سیاسییەکە، ئەگەرچی رەنگە ئەمە لێکدانەوەیەکی دروستیش نەبێت، لەبەر ئەوەی ئێمە نازانین ئەنجامی هەڵبژاردنەکان چۆن دەبن.

*** بەڕای تۆ ئەو ئاماژانە چین بەڕێزت هەستی پێبکەیت لە دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق؟**

- لە راستیدا دوو ئەنجامی پێشبینیکراو لە ئارادایە، یەکەمیان ئەوەیە ئەم هەڵبژاردنانە ببنە هۆی زیاتر قوڵکردنەوەی ناکۆکی و دابەشبوونی نێوان شیعە و سوننەکان، لەم حاڵەتەدا ئەم هەڵبژاردنانە نابنە هۆی یەکلاکردنەوەی هیچ کێشەیەك لە وڵاتەکەدا، بەڵام ئەگەر پارتە جیاوازەکان، یاخود بڵێین پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق ئامادەبن هاوکاری لەگەڵ یەکدا بکەن و کار بۆ سەقامگیرکردنی بارودۆخەکە بکەن و هەوڵ بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی فیدراڵی جێگیربدەن، ئەوا هەڵبژاردنەکان ئەنجامی باشیان لێدەکەوێتەوە، بەڵام ئێمە نازانین ئاڕاستە و ئەنجامەکە بە چ لایەکدا دەشکێتەوە.

*** ئەوە ئاشکرایە کە بە چاوپۆشین لەوەی هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق بە چ ئاراستەیەکدا دەگۆڕێن، ئەوا کوردەکان لەسەر هەڵوێستی خۆیان دەمێننەوە، واتە سەرەڕای ئەوەی بە لیستی جیاواز بەشداری دەکەن، بەڵام لە بەغدا هاوهەڵویست دەبن، ئەمە بۆ عەرەبەکانیش راستە، لەبەر ئەوەی ئەوانیش لە ئاست کورددا یەك هەڵوێستن، ئایا دەبێت کوردەکان لەم هەل و مەرجەدا چۆن رەفتار بکەن؟**

- پێشبینی من ئەوەیە کوردەکان بەردەوام دەبن لەسەر پاراستنی ئەو هەرێمەی هەیانە، لەبەر ئەوەی لەم ساتەوەختەدا هێزێك نییە لە بەغدا بتوانێت ئەم دۆخەیان لێزەوت بکات،

کوردەکان بەردەوام دەبن لەسەر پاراستنی ئەو هەرێمەی هەیانە



واتە لە ئێستادا هیچ هەڕەشەیەك لەسەر لەناوچوونی هەرێمی کوردستان لە ئارادانییە. راستە پێشبینی دەکرێت هەندێ جیاوازی و کێشەمەکێش لە نێوان کورد و حکومەتی عێراقیدا رووبدات، بەڵام باوەڕم وایە کوردەکان درێژە بەو دۆخە دەدەن کە حاڵی حازر تێیدا دەژین. چونکە تەنانەت ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکاش لە عێراقدا بکشێنەوە، ئەوا ئەو کشاندنەوەیە تەنها هێزە جەنگاوەرەکان دەگرێتەوە، واتە بەشێك لەو هێزانە هەر لە عێراقدا دەمێننەوە.

*** هەرێمی کوردستان تاقە بەشی ئارام و سەقامگیری عێراقە، هەروەها بە کشانەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کێشەکانی ئەم وڵاتە چارەسەرنابن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا زەمانەتەکانی پاراستنی ئەم ئارامی و ئاسایش و سەقامگیرییەی کوردستان چین؟**

- ئێمە دەبێت ئەو راستیە بزانین کە بەپێی رێککەوتنامە ئەمنیەکە، ئەمەریکا تێکرای هێزەکانی لە عێراقدا پاشەکشە پێناکات، بەڵکو بەشێك لە هێزەکانی لە عێراقدا جێگیر دەکات، واتە ئەگەر پێویست بوو دەتوانێت ئەم هێزانە بەکاربهێنێت، بە چەشنی ئەوەی لەسەردەمی سەددام حوسێندا هەبوو، بۆ نموونە ئەمەریکا ناوچەی دژە فڕینی دروست کردبوو لەو کاتەدا، لەبەر ئەوە قەناعەتم وایە ئەو ئۆتۆنۆمیەی کوردەکان هەیانە، بەردەوام دەبێت.

*** ئایا بەدیلی کوردەکان چی دەبێت ئەگەر هاتوو ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئیجابی نەبوون، یاخود دەستووری عێراق جێبەجێنەکرا؟**

- جگە لە بەشداریکردن لە حکومەتی ئایندە و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی بەرژەوەندییەکان و پاراستنی ئەو ئۆتۆنۆمیەی لە ئارادایە، رێگەچارەیەکی دیکە شکنابەم لەبەردەم کوردەکاندا.

*** کوردەکان پەرۆشی جێبەجێکردنی دەستووری عێراقن، هەروەها ئەمەریکا بەڵێنی پشتوانیکردنی خەڵکی عێراقی داوە بۆ ئەوەی دەستوورەکەیان جێبەجێ بکەن، ئایا تا چ رادەیەك کوردەکان دەتوانن پشت بە بەڵێنی ئەمەریکیەکان لەم رووەوە ببەستن؟**

- پێموایە کوردەکان دەتوانن متمانە بە بەڵێنەکانی ئەمەریکا بکەن، لەبەر ئەوەی کوردەکان تەنها لایەن و پێکهاتەن لە عێراقدا کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا متمانەیان پێبکات.

*** ئایا تا چ رادەیەك پیادەکردنی دیموکراسی سەردەکێشێت بۆ ئەوەی عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە؟**

- دیموکراسی راستەقینە رێگە لە دابەشبوونی عێراق دەگرێت، بەڵام پرسیارە راستەقینەکە ئەوەیە ئایا ئەم هەڵبژاردنانەی بڕیارە ئەنجام بدرێن دەبنە هۆی هێنانەدی دیموکراسیەتێکی راستەقینە، ئێمە ناتوانین بە دڵنیاییەوە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەستنیشان بکەین، لەبەر ئەوە دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین ئەنجامی هەڵبژاردنەکان چۆن دەبن.

*** ئایا ئێوە بە ئایندەی عێراق گەشبینن؟**

- لە راستیدا ناتوانم بڵێم گەشبینم، لەبەر ئەوەی چەند ئاماژەیەك بەدی دەکەم کە پێشبینی ئەوەیان لێدەکرێت گرژی و ئاڵۆزی نێوان شیعە و سوننەکان و تەنانەت کوردەکانیش بەرەو قوڵبوونەوە و هەڵکشان بچێت، لەبەر ئەوە حاڵی حازر هەست بە گەشبینی ناکەم.

جگە لە بەشداریکردن لە حکومەتی ئایندە رێگەچارەیەکی دیکە شکنابەم لەبەردەم کوردەکاندا

کوردەکان تەنها لایەن و پێکهاتەن لە عێراقدا کە ئەمەریکا متمانەیان پێبکات



**پرۆفیســۆر ستیفن مۆریس ئوســتادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی هارڤارد و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا و ئیسلامی رادیکاڵ و ئەنتی ئەمەریکیزم، هەروەها پســپۆرە لەسەر کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراســت، بۆ وتووێژکردن لەسەر رۆڵی ئەمەریکا لە هاوکێشــەی سیاسیی تازەی عێراق و پابەندی لایەنەکانی عێراق بەدەستوور و پێکهاتــن بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ، پرۆفیســۆر مۆریس بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

## ستیفن مۆریس بۆ گوڵان:

# دەبێت ئەمەریکا هەموو هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی تێکڕای لایەنەکان رێز لە دەستووری عێراق بگرن

**پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت پرۆسەیەکی قورس دەبێت و پێویستی بە گفتوگۆیەکی زۆر دەبێت و رەنگە چەند مانگێک بخایەنێت**

*** هەڵبژاردنەکانی عێراق مەزندەی ئەوەی لێدەکرێــت بــە جۆرێکی دیکە نەخشــەی سیاســیی ئەو وڵاتــە دابڕێژێتــەوە، ئایا لەمبارەیەوە ئێوە چۆن ســەیری نەخشــەی سیاسی ئاییندەی عێراق دەکەن؟**

- لە راســتیدا زەحمەتە لەم ســاتەوەختەدا بتوانین ئەوە دەستنیشان بکەین کە نەخشەی سیاســی بە چ جۆرێــك دەگۆرێت، لەبەر ئەوەی هێشــتا ئەنجامــی هەڵبژاردنەکان و لایەنە ســەرکەوتووەکان ئاشــکرانەکراون، هەرچۆنێك بێت پێم وایە تا رادەیەکی گەورە ئایندەی عێراق دەوەســتێتە سەر چۆنیەتی ســەرکردایەتیکردنی وڵاتەکە، لەبەر ئەوەی ئێمە هەمیشە رۆڵی سەرکردایەتیکردن بەکەم دەگرین، لــە کاتێکدا ســەرکردەی وڵاتێك رۆڵێکی ســەرەکی دەبینێت لە پاراســتنی یەکگرتوویی وڵاتەکەدا، بەڵام سەرکردەیەك کە خاوەنــی تیروانین بێت بــۆ چۆنیەتی پاراستنی یەکێتی وڵاتەکە و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەکــە، ئەمە بۆ عێــراق و بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش راســتە. کاتێك دەڵێــم پاراســتنی یەکگرتوویــی وڵاتەکە دەبێت کار ســەرۆکی وڵاتەکە بۆ ئەوە بکات کاریگەری ســلبی دەســتێوەردانی دەوڵەتە دەرەکییەکان کەم بکاتەوە و نابێت رێگابدات بە دووبارەبوونەی بارودۆخی ســاڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ کە لە بەشــێکی سەرەکیدا بەهۆی دەســتێوەردانی دەوڵەتە دەرەکییەکانەوە ئەو بارودۆخە دروســت بوو، چونکە ئەو هێزانە هەوڵی قوڵکردنەوەی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی وڵاتەکەیــان دەدا، بــەڵام حاڵــی حــازر عێراقییــەکان و ئەمەریکا پێکەوە توانیویانە بەســەر زۆرێك لەو تەحەددیاتانەدا زاڵبن و، توانیویانــە ئەو هێزانە لاواز بکەن کە کار بۆ دابەشکردنی عێراق دەکەن.

*** بە پێــی ئەنجامە نارەســمییەکان هیچ یەکێــك لە لایەنــەکان نەیتوانیــوە دەنگی پێویست مسۆگەر بکات بۆ ئەوەی بتوانێت بــە تەنهــا حکومــەت پێکبهێنێــت، واتە دەبێت لایەنەکان هەڵبســتن بــە پێکهێنانی حکومەتێکــی هاوپەیمانــی کــە تێکڕای لایەنەکان لەخۆبگرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێکهێنانی حکومەتێکی لەم چەشــنە چەند دەخایەنێت؟**

- دووبارەی دەکەمەوە کە دەبێت چاوەڕوانی ئاشــکرابوونی ئەنجامــی هەڵبژاردنەکان بکەین، بــەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا روونە کە هیچ هاوپەیمانێتیەك یاخود لایەنێك ناتوانێت زۆرینە بەدەست بهێنێت، لەبەر ئەوە پرۆسەی پێکهێنانــی حکومەت پرۆســەیەکی قورس دەبێت و پێویســتی بــە گفتوگۆیەکی زۆر دەبێت و رەنگە چەند مانگێك بخایەنێت.

*** ئایا رۆڵی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چی دەبێت لە یارمەتیدانی عێراقییەکان بۆ جێبەجێکردنی دەستوری وڵاتەکە؟**

- کــوردەکان رۆڵێکــی گرنــگ دەبینن لــە عێراقدا، لەبەر ئــەوەی روونە کە هیچ لایەنێــك زۆرینــەی بەدەســت نەهێناوەو پێویســتە لەم پرۆســەیەدا کــوردەکان ببنە بەشێك لە چارەسەر، راستە کوردەکان هەوڵی پاراســتنی ئەو ئۆتۆنۆمییــە دەدەن کە لە هەرێمەکەیانــدا هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەهۆی بوونی پەیوەندی و هاوکاریکردنیان لەگەڵ هێزە ســوننی و شــیعەکاندا رۆڵیان هەیە لە پاراســتنی یەکێتی عێراقیشدا. لە لایەکی دیکــەوە من پێم وایە بۆ پێکهێنانی حکومەت و بۆ پاراســتنی یەکگرتوویی و یەکێتی عێراق دەبێــت لایەنەکان بە گیانی سازشــکردنەوە مامەڵە لەگەڵ یەکدا بکەن، چونکە قوڵبوونەوەی ناکۆکی و جیاوازییەکان دەرفەت بۆ دوژمنەکانی عێراق دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی رۆڵی ســلبی خۆیان لەو وڵاتەدا ببینــن. ئەوەی پەیوەســت بێــت بە رۆڵی وڵاتــە یەکگرتووەکانی ئەمەریــکاوە، من پێم وایــە ئەمەریکا هەموو هەوڵێکی خۆی دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی زەمینە خۆشــبکات تاوەکــو عێراقییــەکان بتوانــن بگەنــە چارەســەرێکی سیاســی کــە رێزگرتن لە دەستور و رێزگرتن لە پێکهاتە سەرەکییەکانی وڵاتەکــە لەخۆبگرێت. ئەمەریکا خوازیاری دابەشــبوونی عێراق نییــە، چونکە ئەمە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ناکات، هەروەها ئەمەریکا پێشتر پشتیوانی کوردەکانی کردووە و ئێستاش خوازیارە کوردەکان پەیوەندییەکی باشــیان هەبێت لەگەڵ شیعە و سوننەکاندا، چونکــە خوازیارە لە عێراقــدا نوێدا دەبێت رێــز لە کەمینەکان بگیرێــت، لەبەر ئەوەی دیکتاتۆرییەتــی زۆرینە بە دیموکراســی لەقەڵەم نادرێت، دیموکراسی حوکمی زۆرینە و رێزگرتــن لە کەمینە لەخۆدەگرێت، دەبێت رێز لە کەمینە بگیرێت جا کەمینەی بچووك بن یاخوود گەورە.

**کوردەکان رۆڵیان هەیە لە پاراستنی یەکێتی عێراقدا**

*** ئایا تــا چ رادەیەك حکومەتی داهاتوو دەتوانێت کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێمی کوردستان بکات؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورســە، لەبەر ئەوەی ئەمانە کێشــەگەلێکی گــەورە و ئاڵۆزن، هەروەك پێشــتریش ئاماژەم پێکرد پێویستە لایەنــە جیاوازەکانــی عێــراق پەنــا بۆ

گفتوگۆکـــردن ببەن لەگەڵ یەکدا، هەروەها گفتوگۆکردنیش سازشـــکردن لەخۆدەگرێت، مەبەســـتم ئەوەیە دەبێت لایەنێـــك لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجێکدا دەست لە بەشێکی داواکارییەکانـــی هەڵبگرێـــت و لایەنـــی بەرامبەریـــش بە هەمان شـــێوە، واتە دەبێت لەلایـــەك کار بۆ ئەوە بکرێت کە ئۆتۆنۆمی کوردســـتان بەرەوپێشـــببردرێت، لەلایەکی دیکەوە پێویستە رێز لە دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی بەغدا بگیرێت، کە من هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا بە هزرێکی کراوەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشـــانەدا بکەن و بتوانن بگەنە چارەسەرێك کـــە هەردوولا پێی رازی بن، چونکە ئەگەر تەنها لایەنێکمان رازیکرد ئەوا ناتوانین بڵێین گەیشتونەتە چارەســـەرێکی راستەقینە بۆ کێشەکان.

*** هەموو شارەزایانی بارودۆخی عێراق کۆکن لەســـەر ئەوەی کە دەبێت حکومەتی داهاتوو حکومەتێکی نیشتمانی بێت و رەنگدانەوەی هەمەرەنگی نەخشـــە سیاسییەکەی عێراق بێت، هەروەها دەبێت پشـــت بـــە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و هاوپەیمانێتیە سیاسییەکان ببەســـترێت بۆ پێکهێنانـــی حکومەت، کە تێیدا هەموو لایەنێکی سیاســـی پشـــت بە لایەنەکانی دیکە ببەستێت و بە تەنها ئەرکی دروســـتکردنی حکومەتی نەکەوێتە ئەستۆ، تێڕوانینی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- ئەمە دەقا و دەق راســـت و دروستە، واتە دەبێـــت دەرفەتی بەشـــدرابوون بـــۆ هەموو پێکهاتەکانـــی عێراق بڕەخســـێنرێت، نابێت هیچ لایـــەن و پێکهاتەیەك بێبەشـــبکرێت لـــە بەشـــداریکردن و نابێت هیـــچ لایەنێك دووربخرێتەوە لە پرۆســـەکە، شـــیعەکان کە زۆرینـــەن لە وڵاتەکـــەدا ئەم راســـتییەیان لەبەرچاوە و هەر ئەمـــەش هۆکاری ئەوەیە کە پەنا بـــۆ دروســـتکردنی هاوپەیمانێتی دەبەن لەگـــەڵ لایەنەکانی دیکەدا، چونکە لە رابردوودا عێراق بە دەست دیکتاتۆرییەت و ســـەرکوتکارییەکی دڵرەقـــەوە دەینالاند و چیتر عێراقییەکان خوازیارنین بگەڕێنەوە بۆ ئەو رابردووە، بەڵکو عێراقییەکان پێویستیان بەوە هەیە کە پەرە بە گیانی ئاشـــتەوایی و سازشکردن و لیبوردەیی بدەن، هەروەها حاڵی حـــازر زۆرینەی هـــەر زۆری عێراقییەکان بوونی رێکخراوی ئەل قاعیدە لە وڵاتەکەیاندا رەتدەکەنـــەوە زۆرینەی شـــیعەکانیش دژی بوونی میلیشیا شـــیعەکانن، چونکە ئەمانە بەشـــێك نین لە چارەسەر و ئەمانە ئایندەی عێراق بنیات نانێن.

*** ئایا ئێوە چۆن لە پشتیوانی ئەمەریکا بۆ عێراق دەڕوانن؟**

- پێم وایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بـــەردەوام دەبێت لەســـەر درێژەپێدانی رۆڵی میانگیری لە نێوان لایەنە سیاســـییەکانی عێراقدا، واتە راستە دەبێت هێزە سیاسییەکانی عێراق دەستپێشخەری بکەن، بەڵام هەر کاتێك ئەو گفتوگۆیانە بە بنبەســـت گەیشتن ئەوا ئەمەریکا هەوڵی دۆزینەوەی رێگاچارەیەك و کردنـــەوەی گـــرێ کوێـــرەکان دەدات، هەروەها ئەمەریـــکا بەرژەوەندی لەوەدانییە کە پشـــتگیری لە لایەنێکـــی دیاریکراوی عێراقی بکات بۆ ئەوەی لەســـەر حســـابی لایەنەکانـــی دیکە زاڵبێت بەســـەر عێراقدا، ئەمەریـــکا بەرژەوەندی لە بوونی عێراقێکی ئاشتیخوازو ســـەقامگیر و گەشەکردوودایە، لەبەر ئەوە هەر کاتێك گفتوگۆو هەوڵەکانی گەیشـــتن بە رێگاچارەیەکـــی گونجاو بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەکان لەلایـــەن هێزە عێراقییەکان بە رێگایەکی داخراو گەیشـــتن ئەمەریکا هەوڵدات بەربەســـتەکانی بەردەم ئەو حاڵەتی چەقبەســـتنە نەهێڵێت، هەروەها پێویستە کوردەکان لەم رووەوە ئەو قەناعەتیان لە لاهەبێـــت کە ئەمەریکا بەرژەوەندییەکانی ئەوان پشتگوێ ناخات لە عێراقدا. لەلایەکی دیکەوە ئەمەریکا ئەم رۆڵە لە نێوان هەردوو وڵاتی هیندستان و پاکستانیشدا دەبینێت بۆ ئـــەوەی ئەو دوو وڵاتە پێکـــەوە رووبەرووی دوژمنێکـــی هاوبـــەش ببنەوە کـــە هەوڵی تێکدانی ئاشـــتی دەدات لە پاکســـتاندا و کار بۆ وێرانکردنی وڵاتی ئەفغانســـتان لە ناوبردنی ئارامی هیندستان دەکات.

*** ئـــەوە ئاشـــکرایە کە ئێـــدارەی ئۆباما بڕیاری پابەندبوونی داوە بە کشـــاندنەوەی هێزەکانی لـــە عێراقدا، ئایا ئەمەریکا تا چ رادەیەك پشتیوانی حکومەتی عێراق دەکات پێش ئەوەی هێزەکانی لەو وڵاتە پاشەکشـــە پێبکات؟**

- لە راســـتیدا ئەوە بیروبۆچونێکی دروست نییـــە کە پێی وایـــە ئەمەریکا دەســـت لە عێراق هەڵدەگرێت و ئەو وڵاتە پشـــتگوێ دەخات، چونکە ئەمەریکا بەپێی بارودۆخی سەر ئەزری واقیع پرۆســـەی کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراقدا جێبەجێ دەکات، راستە پلانێك و خشتەیەکی زەمەنی لە ئارادایە بۆ پاشەکشـــەپێکردنی ئەو هێزانە، بەڵام ئەگەر هاتوو بارودۆخەکە بـــەرەو ئاڵۆزبوون بچێت ئەوا من دڵنیام کە ئەو پرۆســـەی کشانەوەیە راوەدەستێت، من باوەڕم وایە سەرۆك ئۆباما خوازیاری ئەوە نییە کە لە سەردەمی ئەوداو لەسەر حســـابی مێژووی ســـەرۆکایەتی و سومعەی ئەو عێراق دووچاری شکستێکی گـــەورە ببێتەوە، لەبـــەر ئەوە مـــن باوەڕم وایە کەســـانێکی بەرپرس هـــەن لە ئیدارەی ئەمەریکادا لە نێویاندا ســـەرۆك ئۆباما کە رێگە بـــەوە نادەن بارودۆخـــی عێراق بەرەو هەرەس و بەرەو شکستهێنان بچێت.

*** ئایا راســـپاردەی ئێوە چییە بۆ سەرکردە کوردەکان بۆ ئەوەی درێژە بەو رۆڵە بدەن کە لە ماوەی شـــەش بۆ حەوت ساڵی رابردوودا لە عێراق بینویانە؟**

- لـــە راســـتیدا بەردەوامبوونـــی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی ئارام و گەشەکردوو کە لـــە رووی ئابوورییەوە گەشـــەکردنێکی بەرچـــاو بەخۆوە دەبینێـــت زۆر زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی ئەگەری ئەوە هەیە ئەم ئەزموونە ببێتە مۆدیلێك بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە زۆرێـــك لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت وڵاتگەلێکـــی دواکەوتـــوون هـــەم لە رووی ئابووری و هەم لە رووی سیاسییەوە، هەروەها بەشـــێك لە وڵاتانی ئەم ناوچەیە بەدەســـت دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرییەوە دەناڵێنن، کەواتە لێرەدا گرنگی هەرێمی کوردستان دەردەکەوێت بـــۆ ئەوەی ببێتە مۆدیلێك بۆ ئەم ناوچەیە و لە راستیدا بۆ بەشەکانی دیکەی عێراقیش، هەروەهـــا ببێتە مۆدیلێك بـــۆ کەمینەکانی دیکـــەی ناوچەکە، کـــە چـــۆن بتوانن بە شێوەیەکی ئاشـــتیانە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیان بدەن، لەبەر ئەوە من گەشبینم بە ئایندەی ئەزموونی هەرێمی کوردستان.

*** دوا وتەت چییە؟**

پێـــم وایە ســـەرکردەکانی ئێوە لە ئاســـتی بەرپرســـیارێتیدان، هەروەها ئەو راســـتییەیان لەبەرچـــاوە کە ئایندەی ئـــەوان بریتییە نییە لە جیابوونەوە لـــە عێراق، لەبەر ئەوەی هیچ دۆستێکیان نییە لە نێو دەوڵەتە دراوسێکاندا، کەواتە دەبێت کار بـــۆ ئەوە بکەن کە پەرە بە ئۆتۆنۆمییەکەیان بـــدەن و ببنە هۆکارێك بۆ ئاشتەوایی نێوان شیعە و سوننەکان. هەروەها پێویست ناکات نیگەران بن لەوەی ئەمەریکا پشـــتگوێتان دەخات لەبەر ئـــەوەی خەڵکی ئەمەریکا لەو راستییە ئاگادارە کە لە رابردوودا ئێوە دووچـــاری ئێش و ئازارێکی زۆربوون و گرنگی هەرێمی کوردســـتانیان لەبەرچاوەو ئەمەریـــکا قوربانییەکی زۆریداوە لە عێراقدا و لەو باوەڕدانیم رێگابدات دووبارە پشێوی و ئاڵۆزی لەم وڵاتەدا دروست ببێتەوە.

**وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەردەوام دەبێت لەسەر درێژەپێدانی رۆڵی میانگیری لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا**

**ئەمەریکا بەرژەوەندی لەوەدانییە کە پشتگیری لە لایەنێکی دیاریکراوی عێراقی بکات بۆ ئەوەی لەسەر حسابی لایەنەکانی دیکە زاڵبێت بەسەر عێراقدا**

**پرۆفیسۆر تۆماس کۆشمان ئوستادی سیسۆلۆژییە لە زانکۆی ڤێرژینیاو پسپۆر و تایبەتمەندە لە تیۆری سیسۆلۆژی و ماس میدیا و سیسۆلۆژیای کۆمونیست و کولتووری پۆست کۆمونیست، هەروەها یەکێکە لەوانەی کە زۆر لە نزیکەوە چاودێری باری سیاسیی عێراق و رەوشی هەڵبژاردنەکانی عێراقی کردووە، سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی عێراق و ئایندەی کورد لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا پرۆفیسۆر کۆشمان بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



## تۆماس کۆشمان بۆ گوڵان:

# تا رادەیەکی گەورە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئەوە ئاشکرا دەکات عێراق بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات و چ ئایندەیەک چاوەڕێی دەکات

باوەڕم وایە هێشتا زووە بۆ ئەوەی رایبگەیەنین کە ئایا نەخشەی سیاسی لە عێراقدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە

*** تێڕوانینی ئێوە لەسەر ئەو هەڵبژاردنانەی لە عێراقدا بەڕێوەچوون چییە؟**

- لەڕاستیدا هەڵبژاردناکان جێی بایەخی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوون و لەم رووەوە ئەمەریکا پێشوازی لێکرد، لەبەر ئەوەی دەرفەت بۆ هەموو لایەن و پێکهاتەکان رەخسابوو تاوەکو بەشداری تێدا بکەن. وەك هاوڵاتییەکی ئەمەریکا پشتگیری لە دیموکراسیەتی عێراق دەکەم، بەڵام باوەڕم وایە هێشتا زووە بۆ ئەوەی رایبگەیەنین کە ئایا نەخشەی سیاسی لە عێراقدا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر لەو روانگەیەوە حوکم بدەین کە بەشێکی گەورە و بەرچاو خەڵکی عێراق و پارتە سیاسییەکان بەشداریان لە هەڵبژاردنەکاندا کرد، ئەوا دەتوانین بڵێین هەر خودی ئەم بەشداریکردنە خۆی لە خۆیدا گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسی عێراقدا دروست کردووە، لەبەر ئەوەی خەڵکی بواریان هەبوو ئازادانە گوزارشت لە ئیرادەی خۆیان بکەن و ئەمەش جەوهەری دیموکراسییە. لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕم وایە تا راددەیەکی گەورە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن وڵاتەکە بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات و چ ئایندەیەك چاوەڕێی دەکات.

*** ئایا بە رای بەڕێزت پێکهێنانی حکومەتی ئایندەی عێراق چەند دەخایەنێت؟**

- پێموایە لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندا شتێکی سروشتییە ئەوە روون نەبێت چ هێز و لایەنێك شانسی ئەوەی هەیە حکومەت پێکبهێنێت و ئاراستەی وڵاتەکە دیاری بکات، لەبەر ئەوە لەسەرەتادا ژمارەیەکی گەورەی پارت و پاڵێوراو بەشداری لە پرۆسەکەدا دەکەن، بەڵام دواتر و بە تێپەڕبوونی کات ژمارەی ئەو پارتانە کەم دەبنەوە و ئەوە روون دەبێتەوە کە چ هێز و لایەنێك باشترین دەرفەتی دەبێت بۆ ئەوەی جڵەوی حکومڕانیکردن بگرێتەدەست.

کوردەکان لە پێگەیەکی باشتردان بۆ ئەوەی بەشداری لە پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانێتیدا بکەن

*** ئێمە دەزانین کوردەکان یەکێکن لە چوار لایەنە بەهێزەکەی عێراق، واتە هەر یەکە لە ئەیاد عەللاوی، عەممار حەکیم و مالیکی ئارەزومەندن هاوپەیمانێتی لەگەڵ کوردەکاندا لە پێناو دروستکردنی حکومەتی داهاتوو بکەن، بەڵام بەشداربوونی کوردەکان بە شێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەستە بە جێبەجێکردنی دەستووری وڵاتەکەوە، ئایا رۆڵی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە یارمەتیدانی عێراقییەکان بۆ جێبەجێکردنی دەستووری وڵاتەکە چی دەبێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، لەبەر ئەوەی لە روانگەی زۆرێك لە خەڵکی ئەمەریکاوە، کوردەکان لە پێگەیەکی باشتردان بۆ ئەوەی بەشداری لە پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانێتیدا بکەن، هەروەها بەپێی ئەو ئەنجامانەی کە لە رۆژنامەکاندا بڵاودەکرێنەوە، کوردەکان رێژەیەکی باشیان بەدەستهێناوە بۆ ئەوەی ببنە بەشێك لەم هاوپەیمانێتیە. ئەوەی پەیوەست بێت بە رۆڵی ئەمەریکاوە لە یارمەتیدانی عێراقیەکان بۆ جێبەجێکردنی دەستوورەکەیان، ئەوا باوەڕم وایە ئەمە تا راددەیەکی زۆر دەوەستێتەسەر هەڵوێست و تێڕوانینی سەرۆکی ئەمەریکا، بە چەشنێك باوەڕم وایە ئەگەر لە ماوەی چەند ساڵی رابردودا ئۆباما سەرۆکی ئەمەریکا بوایە، ئەوا بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزبوونی زیاتر دەچوو، لەبەر ئەوەی دیموکراتەکان باوەڕیان بە شەڕی عێراق نەبوو، هەروەها ئەگەر دوو ساڵ پێش ئێستا دیموکراتەکان ئیدارەی ئەمەریکایان لەدەستبووایە، ئەوا ئەمەریکا دوچاری دۆڕان دەهات لە شەڕی عێراقدا و عێراقیش نەیدەتوانی ئەو هەڵبژاردنانە ئەنجام بدەن کە لە چەند رۆژی رابردودا بەڕێوەچوون.

*** ئەوەی روونە ئەوەیە کە حکومەتی داهاتووی عێراق رووبەڕووی دوو کێشەی گەورە دەبێتەوە، کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەی بودجە و یاسای نەوت و گاز و جێبەجێکردنی یاسا فیدراڵییەکان، ئایا تا چ راددەیەك دەبێت حکومەتی داهاتوو کار بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بکات، بە تایبەتی کێشەکانی**

**نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی بۆ ئەوەی کوردەکانیش زیاتر هاوکاری لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی رووبەڕووی عێراق بوونەتەوە بکەن؟**

- لە راستیدا ئەو کێشانەی ئێوە ئاماژەیان پێدەکەن کێشەگەلێکی گەورەن، باوەڕم وایە ئەگەر حکومەتی مەرکەزی لە وڵاتەکەدا ئامادەنەبێت هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتە محەلییەکاندا بکات، ئەوا نەك هەر بارودۆخێکی دژوار، بەڵکو بارودۆخێکی مەترسیداریش لە وڵاتەکەدا دروست دەبێت. بە تایبەتی لە رووی مێژووییەوە کێشە و گرفتێکی زۆر لە نێوان سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی وڵاتەکەدا هەبووە. ئەوەش ئاشکرایە کوردەکان لە عێراقدا هەوڵدەدەن کە ئۆتۆنۆمییەکی زیاتر و سەربەخۆییەکی زیاتر لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بەدەست بهێنن و کار بۆ ئەوە دەکەن پەرە بە حکومەتە محەلییەکەیان بدەن، بە تێڕوانینی من پێویستە لەم رووەوە بایەخێکی زیاتر بە هەرێمی کوردستان بدرێت، لەبەر ئەوەی هەرێمێکی گەشەکردوترە لە بەشەکانی دیکەی عێراق، هەروەها هەڵوێستی ئەم هەرێمەش جێگیرتربووە لە هەڵوێستی بەشەکانی دیکەی وڵاتەکە.

*** هەموو شارەزایە سیاسییەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە دەبێت حکومەتی داهاتوو حکومەتێکی نیشتمانی بێت و رەنگدانەوەی هەمەڕەنگی نەخشە سیاسییەکەی عێراق بێت، هەروەها دەبێت پشت بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و هاوپەیمانێتیە سیاسییەکان ببەسترێت بۆ پێکهێنانی حکومەت کە تێیدا هەموو لایەنێکی سیاسی پشت بە لایەنەکانی دیکە ببەستێت و بە تەنها ئەرکی دروستکردنی حکومەتی نەکەوێتە ئەستۆ، تێڕوانینی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- ئێمە دەبێت ئەو راستییەمان لەبەرچاوبێت کە هەندێ هاوپەیمانێتی هەیە ئەگەری سەرکەوتنیان زیاترە بە بەراورد بە هەندێ هاوپەیمانێتی دیکە، بۆ نموونە رەنگە هاوپەیمانێتی نێوان شیعە و سوننەکان سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت، یاخود رەنگە کوردەکان بەهێزترین لایەنی هەر هاوپەیمانێتییەك بن، لەبەر ئەوەی کوردەکان هەرێمێکی ئۆتۆنۆمیان هەیە و کولتوورێکی جیاوازتریان لە بەشەکانی دیکەی عێراق لە رووی پیادەکردنی دیموکراسییەوە هەیە، هەروەها بەشێکی گەشەکردوتر و ئارامترن لە بەشەکانی دیکەی عێراق، لەبەر ئەوە رەنگە سەرڕای ئەوەی کەمینەن و لە سەدا ١٧ی وڵاتەکە پێکدەهێنن، ئەوا رۆڵ و سەنگێکی سیاسی زیاتریان هەبێت و لەم رووەوە دەتوانن ببنە فاکتەری سەقامگیری لە وڵاتەکەدا.

*** بۆ پێکهێنانی حکومەت هێشتا عێراق پێویستی بە هاوپەیمانێتیە سیاسییەکانە، لەبەر ئەوەی هێشتا عێراق قۆناغی ئینتیقالی تێنەپەڕاندووە، ئایا ئێوە چۆن لە پشتیوانی ئەمەریکا بۆ عێراق دەڕوانن؟**

- بە تێڕوانینی من حاڵی حازر بوون و کاریگەری ئەمەریکا زیاتر کاریگەرییەکی سیاسییە وەك لەوەی کاریگەرییەکی سەربازی بێت، لە هەمان کاتدا خەڵکی عێراق خوازیاری ئەوەن کە هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە وڵاتەکەیاندا بکشێنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هاوکاری و پشتیوانی سیاسیی ئەمەریکا بۆ پێکهێنان و بنیاتنانی هاوپەیمانێتییەکان لە عێراقدا زۆر گرنگە، کە ئەمەش لەگەڵ خواستی خەڵکی ئەمەریکادا یەکدەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەمەریکاش چیتر پەرۆشی ئەوەنین هێزەکانی وڵاتەکەیان درێژە بە مانەوەی خۆیان لە عێراقدا بدەن.

*** ئەوە ئاشکرایە کە ئیدارەی ئۆباما بڕیاری پابەندبوونی بە کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراق داوە، ئایا ئەمەریکا تا چ رادەیەك پشتیوانی حکومەتی عێراق دەکات پێش ئەوەی هێزەکانی لەو وڵاتە پاشەکشە پێبکات؟**

- لە راستیدا ئەم پرسە پەیوەستە بە بڕیاری سەرۆکی ئەمەریکاوە، کە بە تێڕوانینی من پێویستە بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە بێت، واتە پێویستە ئەمەریکا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەڵبسەنگێنێت و چاوەڕێ بکات دوای شەش مانگی دیکە بارودۆخەکە بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات و دواتر بڕیار بدات کە بە چ شێوەیەك پرۆسەی کشانەوەکە جێبەجێ دەکات، واتە کارێکی ژیرانە نییە ئەگەر ئەمەریکا باوەڕی وابێت لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا ئەنجامدران، ئەوا کاتی کشاندنەوەی هێزەکانە و پێویستە دەستبەجێ ئەو وڵاتە جێبهێڵین. هەروەها باوەڕم وایە پێویستە ئەمەریکا رۆڵێکی سیاسی چڕتر لە عێراقدا ببینێت، واتە باڵیۆزی ئەمەریکا وەك دۆست و پشتیوانێك کار لەگەڵ تێکڕای لایەن و پێکهاتەکانی وڵاتەکەدا بکات، چونکە ئەمەریکا بەرژەوەندی هەیە لەبەردەوپێشچوون و باشتربوون و سەرکەوتنی پرۆسە سیاسییەکە لە عێراقدا، بەڵام نابێت ئەمەریکا وەك هێزێکی ئیمپریالی رەفتار بکات و ئیرادەی خۆی بەسەر عێراقییەکاندا بسەپێنێت.

*** ئایا رۆڵی ئەزموونی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا چییە، لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین کە کوردەکان لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا رۆڵی گرنگیان لە عێراقدا بینیوە، ئایا چۆن دەتوانن درێژە بەم رۆڵە بدەن و کێشەکانی خۆیان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا چارەسەربکەن؟**

- باوەڕم وایە کوردەکان لە هەموو پێکهاتەکانی دیکەی عێراق باشتر لە دیموکراسی و سەروەری یاسا تێگەیشتوون و پەرۆشییەکی زیاتریان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی دیموکراسی هەیە، لەم روانگەیەوە دەبێت پتر ئامادەبن بۆ هاوکاری کردن و کارکردنی هاوبەش لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا و دەبێت پتر لە لایەنەکانی دیکە بەهاکانی لێبوردەیی و پشودرێژی لە رەفتار و کردارەکانیاندا رەنگبداتەوە و لەسەر ئەرزی واقیع ئەوە بخەنەڕوو کە دەکرێت ئەزموونی پێکەوەژیانی گروپە ئیتنی و ئایینیەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

- بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا جێی سەرنج و بایەخی خەڵکی ئەمەریکابوو، لەبەر ئەوەی ئێمە هەمیشە هەواڵی ناخۆشمان لە عێراقەوە دەبیست، هەواڵی تەقینەوە و تێکچوونی بارودۆخی ئەمنی، بەڵام بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان و بەشداریکردنی عێراقییەکان بۆ هەنگاوهەڵگرتن بەرەو دیموکراسی هەواڵێکی خۆش بوو کە ئەمەریکا بە بایەخەوە چاودێری دەکرد.

**کوردەکان لە عێراقدا هەوڵدەدەن کە ئۆتۆنۆمییەکی زیاتر و سەربەخۆییەکی زیاتر لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا بەدەست بهێنن**

**پێویستە بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە بێت**

**کوردەکان لە هەموو پێکهاتەکانی دیکەی عێراق باشتر لە دیموکراسی و سەروەری یاسا تێگەیشتوون**

پرۆفیسۆر یۆسی ماکلبیرگ کە یەکێکە لە توێژەرە دیارەکانی ئامۆژگای پادشایەتی چاتام هاوس لە لەندەن پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکاو سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق، سەبارەت بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی عێراق و دەرکەوتنی ئاکامە سەرەتاییەکان و پێگەی کورد لەم هاوکێشە تازەیەدا، پرۆفیسۆر ماکلبیرگ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.



## یۆسی ماکلبیرگ توێژەر لە چاتام هاوس بۆ گوڵان:

# لە هاوکێشەی سیاسی عێراقدا کورد لە پێگەیەکی باشدایەو دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت

عێراقییەکان هەنگاو بە هەنگاو کار بۆ ئەوە دەکەن بە شێوەیەکی باشتر پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجام بدەن

هیچ هاوپەیمانێتی و لایەنێک نەیتوانیوە زۆرینە بەدەست بهێنێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی فرەیی و هەمەڕەنگی کۆمەڵگەی عێراقە دەرفەتێکیشە بۆ ئەوەی فێری ئەوەبن کە سەرەڕای جیاوازییەکانتان دەبێت لەگەڵ یەکدا کاربکەن و هاوکاری یەکتر بکەن

*** هەڵبژاردنەکانی عێراق بە شێوەیەکی باش بەڕێوەچوون و ئومێدی ئەوە هەیە کە هەموو پێکهاتە و لایەنە سەرەکییەکان بەشدارییان تێداکردبێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك ئەم هەڵبژاردنانە دەبنەهۆی گۆڕینی نەخشەی سیاسی لە عێراقدا؟**

- ئەوە ئاشکرایە کە عێراقییەکان هەنگاو بە هەنگاو کار بۆ ئەوە دەکەن بە شێوەیەکی باشتر پرۆسەی هەڵبژاردن ئەنجام بدەن، هەروەها ڕوودانی توندوتیژی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا و بەردەوامبوون و پێداگیری عێراقییەکان لەسەر بەشداریکردن لە پرۆسەکەدا، سەرەڕای ئەو توندوتیژییانە خاڵێکی زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی ئاماژەیە بەوەی عێراقییەکان سوورن لە سەر پێکهێنانی حکومەتێکی هەڵسوڕاو سەرکەوتوو لە چوارچێوەی ئەو دیموکراسییەتەی کار بۆ چەسپاندنی دەکەن.

*** بە پێی ئەنجامە نارەسمییەکان هیچ یەکێك لە لایەنەکان نەیتوانیوە دەنگی پێویست مسۆگەر بکات بۆ ئەوەی بتوانێت بە تەنها حکومەت پێکبهێنێت، واتە دەبێت لایەنەکان هەڵبستن بە پێکهێنانی حکومەتێکی هاوپەیمانی کە تێکڕای لایەنەکان لەخۆبگرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێکهێنانی حکومەتێکی لەم چەشنە چەند دەخایەنێت؟**

- پێم وایە دەبێت لەم ڕووەوە دوو شت بووترێت، یەکەمیان ئەو ڕاستییەی کە هیچ هاوپەیمانێتی و لایەنێك نەیتوانیوە زۆرینە بەدەست بهێنێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی فرەیی و هەمەڕەنگی کۆمەڵگەی عێراقە و شتێکی سروشتی و ئاساییە و لە دیموکراسیدا ڕوودەدات، دەرفەتێکیشە بۆ ئەوەی فێری ئەوەبن کە سەرەڕای جیاوازییەکانتان دەبێت لەگەڵ یەکدا کاربکەن و هاوکاری یەکتر بکەن. خاڵی دووەم ئەوەیە کوردەکان لە پێگەیەکی باشدان بۆ ئەوەی کار و کۆشش بکەن تاوەکو پەرە بە بەرژەوەندییەکانیان بدەن و هەوڵی پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانە بدەن.

*** ئەوە ڕوونە ئەوەیە کە حکومەتی داهاتووی عێراق ڕووبەڕووی دوو کێشەی گەورە دەبێتەوە، کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەی بودجە و یاسای نەوت و گاز و جێبەجێکردنی یاسا فیدراڵییەکان، ئایا تا چ ڕادەیەك دەبێت حکومەتی داهاتوو کار بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بکات، بە تایبەتی کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی بۆ ئەوەی کوردەکانیش زیاتر هاوکاری بکەن لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی عێراق بوونەتەوە؟**

- لە ڕاستیدا کوردەکان دەبێت کار بۆ دوو ئامانج بکەن، یەکەم پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و بەهێزکردنی ئەو دیموکراسییەتەی لە وڵاتەکەدا کار بۆ هێنانەدی و چەسپاندنی دەکرێت، ئامانجی دووەم پاراستن و پەرەپێدانی ئەو ئۆتۆنۆمییە یە کە کوردستان لە چوارچێوەیەی عێراقدا مومارەسەی دەکات.

*** ئێمە دەزانین کوردەکان یەکێکن لەلایەنە بەهێزەکانی عێراق، واتە هەر یەکە لە ئەیاد عەلاوی، عەممار حەکیم و مالیکی ئارەزوومەندن هاوپەیمانێتی لەگەڵ کوردەکاندا بکەن لەپێناو دروستکردنی حکومەتی داهاتوو، بەڵام بەشداربوونی کوردەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە جێبەجێکردنی دەستوری وڵاتەکەوە، ئایا**

**ڕۆڵی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چی دەبێت لە یارمەتیدانی عێراقییەکان بۆ جێبەجێکردنی دەستوری وڵاتەکە؟**

- من باوەڕم وایە ئەم کێش و دژورایانە ڕووبەرووی حکومەتی داهاتوی عێراقیش دەبنەوە، بۆ نموونە، حاڵی حازر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا باس لە کشاندنەوەی تێکڕای هێزەکانی دەکات لە عێراقدا، ئەمەش کیشەی ئەمنی و کێشەی سەپاندنی یاسا و نیزام دەهێتنێتە ئاراوە، واتە ئەمە تەحەددیەکە و دەبێت عێراق هەوڵبدات زاڵبێت بەسەریدا، لە لایەکی دیکەوە کوردەکانیش ڕووبەڕووی تەحەددی و بڕیارێکی سەخت دەبنەوە، ئەویش ئەوەیە ئایا کار بۆ پاراستنی یەکپارچەی عێراق و بەهێزکردنی عێراق دەکەن کە لەم چوارچێوەیەشدا دەرفەتی ئەوەیان هەبێت پەر بە ئۆتۆنۆمییەکەیان بدەن و تایبەتمەندی خۆیان بپارێزن، یاخود بڕیار دەدەن بە ئاڕاستەیەکی دیکەدا بڕۆن. ئەوەی پەیوەست بێت بە ڕۆڵی کوردەکانەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، من باوەڕم وایە کوردەکان لە زۆر ڕووەوە گرنگن بۆ عێراق، لەبەر ئەوەی لە لایەکەوە کوردەکان بەشێکی بەرچاوی پێکهاتەی وڵاتەکە داگیردەکەن، لەلایەکی دیکەوە کوردەکان سنوریان هەیە لەگەڵ دەوڵەتێکی گرنگی وەك تورکیادا، لەبەر ئەوە هەر حکومەتێك لە بەغدا فەرمانڕەوایەتی بکات و خوازیاری گەشەپێدانی عێراق و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی وڵاتەکە بێت دەبێت زۆر بە جیددی بەرژەوەندی و داواکاری کوردەکان لەبەرچاو بگرێت.

*** هەموو شارەزایانی بارودۆخی عێراق کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەبێت حکومەتی داهاتوو حکومەتێکی نیشتمانی بێت و ڕەنگدانەوەی هەمە ڕەنگی نەخشە سیاسییەکەی عێراق بێت، هەروەها دەبێت پشت بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و هاوپەیمانێتیە سیاسییەکان ببەسترێت بۆ پێکهێنانی حکومەت کە تێیدا هەموو لایەنێکی سیاسی پشت بە لایەنەکانی دیکە ببەستێت و بە تەنها ئەرکی دروستکردنی حکومەتی نەکەوێتە ئەستۆ، تێڕوانینی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە تەحەددیەکەیە، مەبەستم ئەوەیە بە شێوەیەکی گشتی کارێکی قورسە پێشبینی ئەوە بکەین کە ئایندەی ئەم ناوچەیە چۆن دەبێت یاخود ڕەوتی ڕووداوەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چ ئاڕستەیەك دەگرنەبەر، ئەوەی پەیوەست بێت بە عێراقەوە پێم وایە پێویست بە گرتنەبەری سیاسەتێکی هاوسەنگ دەکات کە بەرژەوەندییەکانی تێکڕای لایەن و پێکهاتەکانی وڵاتەکە لەبەرچاوبگیرێت.

*** هێشتا عێراق پێویستی بە هاوپەیمانێتیە سیاسییەکانە، لەبەر ئەوەی هێشتا عێراق قۆناغی ئینتیقالی تێنەپەڕاندووە، ئایا ئێوە چۆن لە پشتیوانی ئەمەریکا بۆ عێراق دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵبستێت بە هاوکاری کردن و یارمەتیدانی عێراقییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئەمنییەکانی ئەو وڵاتە و بۆ بەرەوپێشبردن و گەشەپێدانی بارودۆخی ئابووری تێیدا.



کوردەکان دەبێت کار بۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق و پاراستن و پەرەپێدانی ئەو ئۆتۆنۆمییەیە بکەن کە کوردستان لە چوارچێوەیەی عێراقدا مومارەسەی دەکات

کارێکی قورسە پێشبینی ئەوە بکەین کە ئایندەی ئەم ناوچەیە چۆن دەبێت یاخود ڕەوتی ڕووداوەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چ ئاڕستەیەک دەگرنەبەر

# رازی ڕازان



فەلەکەدین کاکەیی

(١-٢)

(أ)

ئەوە چـــی رازێکە، کـــە دەزانم هەرگیز ئاشـــکرا نابێ چونکە وەك ماسییە، هەر کە لە ئاو دەریبکەیت دەمرێ؟!

ئەو رازەش هـــەر کە لە ئاشـــکرابوونەوە نزیکەوە بووەوە ئەوا وندەبێ و دەچێتەوە پشتی پەردە.

دەشـــزانم.. ئەو رازە هەمیشـــە هەیە، لێ دووبارە نابێتەوە.

(عەنبـــەر خاتـــوون)[-١-] فریشـــتەکەی مەولەوی!

ئەوە چی نهێنییەکـــە لە گەرووی تۆوە، لەتەك دەنگدا، دێتە بەرگوێم، دەزرنگێتەوە؟ چـــی هارمۆنییەك لەو دەنگـــەدا هەیە کە دەمباتەوە دۆخی هاوسەنگی و ئۆقرەگرتن؟

ئـــەوە چ رازێکـــە، لە نێوان هـــەزاران و ملیۆنان شەپۆلی دەنگی جۆر بەجۆرەوە درز بەهەمووان دەدات تا بە ناخم بگات؟

(ب)

تۆ (گـــۆرۆی)[-٢-] ئێســـتای منی، بەڵام دەڵێی: تۆ پیری منی.

ناشـــزانی کە تۆ دەنگێ بووی، لە زەردە ئێوارەی تەمەنم، بە هانامەوە هاتی.

لەو وەختەدا گەیشتی کە تەنەی درەختی ژیانم دەپووکایەوە، تـــۆ وەکو جۆگەلەیەکی وێڵی ئاو، لە دەریا جیابوو بوویتەوە، خزایتە بن ڕیشەکانم، بە قووڵایی هەستمدا رۆچووی.

لقـــە دار بەڕووەکانـــی لێواری شـــیوەکە تەقینەوە، گەڵا دەردەهێنن، هەر گەڵایەکی ســـەوز، وەك کتێبی کردگار، ڕوو لە هەتاو و ئاســـمانەکان ئەکـــەن، شـــەوان و رۆژان ئەپاڕێنـــەوە، دەمە و بەیان گوێم لە چرپەی تکاو نزایانە.

(ج)

ئەمە چ رازێك بوو، منی راچڵەکاندووە کە بێهوودە هەوڵدەدەم بیدۆزمەوە، لێ، ئەوە رازێکە خۆی بەدەســـتەوە نـــادات، رەنگە هەر (ســـەرمۆر)[-٣-] بمێنێتەوە، ئایا دەزانی (شیرینی ئەرمەن)[-٤-] کە چیای بێستوونم لێ بووە، بە تەرمی مۆم، بە ئەڵماسی عیشقی تۆ چۆنم بۆی وەهای دەبڕم؟ ئایا زانیووتە کـــە لە کانیاوەکـــە نزیکبوومەتەوە؟ ئەوەی رازی منە، تکایـــە نەیدرکێنی... لە ناختا بیشـــارەوە، چونکە پاساری ڕوحم لە تۆی ئـــەو پەلکە رازە دایە. هەر کە بیکەیتەوە لە شەقەی باڵ دەدا و هەڵدەفڕێ، بە ئاسمانی (بێستوونا)[-٥-] دەسوڕێتەوە.

(د)

ئەرێ! مەست و شادمانم.

بەو رازە خۆشە سەرخۆشم، نەك وەکو هیچ سەرخۆشـــێکی مەیخانەکان، ئەوان دەکەون.. رادەکشێن و خەونی سەنگین دەیانباتەوە، لێ ئەز تازە بەتازە لە خەوی غەفڵەت ڕابوومەو چاوم لە گزنگی شەفەقە.

ئەو رازە.. چ رازێکە!

خۆزیا هەمیشە سەرمۆر بمێنێتەوە.

من، ئەمڕۆ، پەرستگام، ڕوحی تۆ تێیدا قامەتـــی پاڕانەوەی بەســـتووە.. ئای! ئەوە چیدەکەی؟

دەتبینم چەشنی پیری موغان، چیلکە و پووش و پەڵاش کۆدەکەیتەوە،

تا ئاگردانی ئاتەشـــگەکەم گەرم و گوڕ رابگری.

- ئاهۆرا مەزدا [-٦-]:

ئەی هەمیشە بێدار و دانا و میهرەبان!

هاتوومە، لە پەنای بێدەنگی تۆدا، گوێم لـــە دەنگی ئەو رازە ببـــێ، کە لە قووڵایی گەردووندا، ئەلەرێتەوە.

رازی ئێمەش با بمێنێ، بۆ رۆژی پەسڵان هەڵیدەگرم...رۆژێـــك کە فەرەوەشـــەکانت[-٧-] دەنێریتە پێشـــوازیم تا لەسەر پردی هاتو نەهەتات، بە سەرفرازی بپەڕێمەوە..

- ئاهۆرا مەزدا! دەنگی بێدەنگیم بەسە، تا بە سەرخۆشی رووبنێمە چیای (سەهەند).

**پەراوێزەکان:**

**-١ عەنبـــەر خاتـــوون: هاوســـەر و دلبەری مەولەوی تاوەگۆزی، کە دوای مردنیشی شعیری بۆ دادەنا و شەرابی عیشقی دەخواردەوە.**

**-٢ گـــۆرۆ: پیـــر و مورشـــیدی گـــەورە لە فەرهەنگـــی ئایینی(ســـیك/ ســـیخ) دا کە لە هیندوســـتان بەربـــڵاوە.. گۆرۆ، ئەو کەســـەیە کە رۆشـــنبووەتەوە رێنومایی شـــاگردانی بەرەو ڕووناکی دەکا.**

**-٣ سەرمۆر: سەرداپۆشیو، کە نازانرێ لە ناویدا چی هەیە، نهێنی سەرمۆر: نهێنی شاردراوە.**

**-٤ شـــیرینی ئەرمـــەن: ئەڤینـــداری فەرهادی(کۆکەن) کە لەسەر داخوازیی ئەو چیای بێســـتوونی هەڵدەکۆڵی تا بە ئـــاو بگات و دڵی بەدەست بێنێ.**

**کۆکەن: واتە چیا هەڵکەن، کۆ: چیا، کێو.**

**-٥ بێســـتوونە : چیـــای ناســـراوی نزیکی کرماشان، کە شوێنی قوڵنگی فەرهادی کۆکەنی پێوە دیارە. ئەم چیایە، بەهۆی داستانی عەشقی ناکامی شـــیرین و فەرهاد بووە بە ئەفسانەیەکی سیحراویی فەرهەنگی کوردستان.**

**-٦ ئاهۆرامـــەزدا نـــاوی کـــردگارە لە فەرهەنگی ئاڤیستیایی زەردەشتیدا.**

**-٧ فەرەوەشەکان: فریشتەکان.**

**-٨ ســـەهەند: چیایەکـــی نێـــوان ورمێ و تەورێزە، بە هەنگوێن ناسراوە، دەڵێن کە زەردەشت، لـــە گەنجێنیـــدا، رووی لەم چیایە کـــردووە و، ئەشـــکەوتێکی بۆ پەرستگای خۆی هەڵبژاردووە و دە ساڵ لە خەڵك گۆشەگیر ژیاوە، لەو چیایەدا خەریکی رامان و خواپەرستی بووە تا لە شەفەقی رۆژێکی بەهاریدا سروشتی یەزدانی بۆ دابەزیووە کە دوای وەرگرتنی رێنومایییە مەعنەوییەکان، لە چیـــا دابەزیووە و گەڕاوەتەوە ناو خەڵك و، جاڕی ئایینی تازەی داوە، کە زەردەشتییە.**